Available online at http://jgu.garmian.edu.krd

Journal of University of Garmian

https://doi.org/10.24271/garmian.24.11C19

# کێشەی کەم ئاوی و پەیوەندی بە دڵەڕاوکێی ئایندە لای دانیشتوانی شاری چەمچەماڵ

مریوان عبدالمجید محمد[١]، کاظم احمد صدرالدین[٢]

١- بەشی پەروەردەی تایبەت، کۆلێژی پەروەردە، زانکۆی چەرموو، هەرێمی کوردستان – عێراق

٢- زانکۆی چەرموو ، هەرێمی کوردستان – عێراق

**Article Info**

| | |
|---|---|
| Received: | September, 2023 |
| Revised: | February, 2024 |
| Accepted: | March, 2024 |

**Keywords**

کێشەی کەم ئاوی، شاری چەمچەماڵ، دڵەڕاوکێی ئایندە

**Corresponding Author**

mariwan.mohammed@chu.edu.iq
mariwan.mohammed@uhd.edu.iq

**پوختە:**

شاری چەمچەماڵ، بەسەنتەری قەزای چەمچەماڵ دادەنرێت و لە ڕووی ئیدارییەوە سەربە پارێزگای سلێمانییەوە و دانیشتوانی شارەکە ساڵانێکە بەدەست کێشەی کەم ئاوییەوە دەناڵێنن، ئەم کیشەیە کاریگەری لەسەر لایەنی دەروونی دانیشتوانەکەی بەجێهیشتووە لەناویاندا دڵەڕاوکێی ئایندە، کە بە دۆخێکی پرمەترسی و گرژی و دەروونی ناودەبرێت، بەهۆی پێشبینیکردنی مەترسییەکەوە کە لە ئایندەدا ڕوودەدات. توێژینەوەکە کار لەسەر دوو لایەنی تیۆری و پراکتیکی دەکات، ئامانجی سەرەکی ئەم توێژینەوەیە، بۆ دەرخستنی کاریگەری کێشەی کەم ئاویەوە لەسەر لایەنی دەروونی دانیشتوانی شارەکە و زانینی نیشانەکانی دڵەڕاوکێی ئایندە و پەیوەندی بە ڕەگەز، تەمەن و باری خێزانی، شوێنی نیشتەجێبوون و پیشەی بەشداربوان. بەهۆی کێشەی کەم ئاوی و کەمی ئاوی پاکی خواردنەوە و دووری سەرچاوەکانی ئاو لەسەنتەری قەزاکە لەلایەکی تر نەتوانراوە بە شێوەیەکی باش ئیدارەی کێشەی کەم ئاوی بدرێت و سوود لە سەرچاوەکانی ئاوی وەك ڕووبار و چەم و پۆند و بەنداوەکان وەربگیرێت، بەشێك لە دانیشتوانەکەی گرفتارن بە کۆمەڵێك نیشانەی دڵەڕاوکێی ئایندە، لەوانە: (ترس و دڵەڕاوکێ، تووڕەبوون، ڕەشبینی، ترس لە بڵاوبوونەوەی نەخۆشی، نیگەرانی بۆ بەردەوامی کێشەی کەم ئاوی و خراپی کوالێتی ئاو). هەروەها لەم توێژینەوەیەدا سوود لە میتۆدەکانی (وەسفی، شیکاری و چەندێتی) وەرگیراوە. بە بەکارهێنانی فۆرمی ڕاپرسی بۆ پێوانی نیشانەکانی دڵەڕاوکێی ئایندە. فۆرمەکە **(22)** برگەی لە خۆگرتووە و ڕاستگۆی و جێگیری بە پلەی زۆرباش بەدەستهێناوە، سوود وەرگیراوە لە بەرنامەی **(SPSS)** بۆ شیکاری داتاکان بۆ **(73)** فۆرمی ڕاپرسی کراوە.

دیارترین دەرئەنجامی ئەم توێژینەوەیە ئەوە دەخاتەروو کە ڕەگەزی مێ، کەسانی خێزاندار، و ژنانی تەمەن **(35-40)**ساڵ، ئەو ژنانەی کاری ناوماڵ ئەنجام دەدەن، بەشداربوانی نیشتەجێی گەڕەکە ئەنفالنشینەکان، ئەو شوێنانەی بەشەوان ئاو تێیدا بەردەدرێتەوە زیاتر نیشانەکانی دڵەڕاوکێ ئایندەیان تێدایە. لەم توێژینەوەکەدا ڕاسپاردەو پێشنیاری پێویست بۆ لایەنی پەیوەندیدار و توێژینەوکانی داهاتوو سەبارەت بە دڵەڕاوکێ ئایندە خراوەتەروو.

## پێشەکی:

کێشەی ئاو یەکێکە لە کێشە بەردەوامەکانی قەزای چەمچەماڵ و ساڵانێکە ناوەندی قەزاکە بەدەستیەوە دەناڵێنن و ڕەنگدانەوەی لەسەر ئێستا و ئایندەی دانیشتوانەکەیی و لایەنی دەرونیان بەدەرکەوتووە. لە دیارترین گرفتە دەرونیەکانیش دڵە ڕاوکێی ئایندەیە. نیشانەکانی دڵەڕاوکێش لە بارودۆخێکدا دەردەکەوێت کە ئاڵەنگاری و مەترسی جۆراوجۆر ڕووبەڕووی مرۆڤ دەبێتەوە، لەم بارەدا بە دۆخێکی سروشتی دادەنرێت، چونکە پاڵنەرێک دروست دەبێت بۆ ئەوەی مرۆڤ ڕێوشوێن و ڕەفتاری گونجاو بگرێتەبەر بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی دۆخەکە، بەڵام مەترسیدار دەبێت ئەگەر سنووری ئاسایی تێپەڕێنێت و ماوەو کاتێکی زۆر بخایەنێت و کاریگەری لە سەر ژیان و پیشە و باری دەرونی و کۆمەڵایەتی تاکەکانی کۆمەڵگە هەبێت. دەتوانرێت دڵەڕاوکێی ئایندە بە باری ترس و نائارامی و نیگەرانی دابنرێت بۆ گۆڕانکارییە لەناکاوەکان کە لەوانەیە لە ئایندەدا ڕووبدەن. ئەمەش هەڕەشە و مەترسی لەسەر کەمبوونەوەی چالاکیەکانی تاکەکانی کۆمەڵگە لە ئەرکەکانی ڕۆژانەیاندا دروست دەکات. لەبەرئەوە دڵەڕاوکێی ئایندە پەیوەندی بە ڕووداوە کۆمەڵایەتی و سیاسی و ئابووریەکانەوە هەیە و دەبێتەهۆی ئەوەی خەڵک پێشبینی مەترسییەکانی ئایندە بکەن. ئەم توێژینەوەیە لە یەکێك لە کێشە سەرەتاییەکانی شاری چەمچەماڵ دەکۆڵێتەوە کە ئەویش کێشەی کەم ئاوی یە لە شارەکە، کە چەندین ساڵە دانیشتوانەکەی بە دەستیەوە دەناڵێنن و وەك کێشەیەکی

چارەسەرنەکراو ماوەتەوە جۆرێك لە ترس و دڵەڕاوکێی دروست کردوە بە تایبەت لە وەرزی هاویندا، کە هەست بە نیشانەکانی دڵەڕاوکێ دەکرێت لە ناو دانیشتوانی شارەکە. توێژینەوەکە لە (سێ) بەش و چەند تەوەرێك پێکهاتووە، بەدەرەنجام و ڕاسپاردە و لیستی سەرچاوەکان و پاشکۆکان کۆتایی پێهاتووە.

### سنوری لێکۆڵینەوە:

**1. سنوری کاتی:** ماوەی ئەنجامدانی توێژینەوەکە دەگرێتەوە کە لە کاتی دەستپێکردنی توێژینەکەوە لە ڕێکەوتی (2023/11/15) بۆ (2024/1/20) دەگرێتەوە.

**2. سنوری شوێنی:** مەبەست لە سنوری شوێنی، شاری چەمچەماڵ، سەنتەری قەزاکە دەگرێتەوە.

**3. سنوری مرۆیی:** دانیشتوانی سەنتەری قەزای چەمچەماڵ دەگرێتەوە.

### گرنگی لێکۆڵینەوە:

1. گرنگی ئەم توێژینەوەیە لەوەدایە کە تا ئێستا توێژینەوەی پێویست نەکراوە دەربارەی کیشەی کەم ئاوی و پەیوەندی بە بە لایەنی دەروونی لەناویاندا دڵەڕاوکێی ئایندە لە ناو دانیشتوانی شاری چەمچەماڵ.

2. گرنگی ئەم توێژینەوەیە لەوەدایە، کە لە ڕێگەی دەرئەنجامەکانەوە، ڕاسپاردەی پێویست دەخاتەڕوو بەوەی کە کێشەی کەم ئاوی چۆن کاریگەری لەسەر باری دەرونی دانیشتوانی شاری چەمچەماڵ دەبێت لە ئاییندەدا.

### ئامانجی لێکۆڵینەوە:

1. بۆ هەڵسەنگاندنی کێشەی کەم ئاوی وپەیوەندی بە ئاستی دڵەڕاوکێی ئایندە لای دانیشتوانی شاری چەمچەماڵ.

2. بۆ زانینی پەیوەندی نێوان کیشەی کەم ئاوی و پەیوەندی بە دڵەڕاوکێی ئایندەوە پەیوەست بە تایبەتمەندییە کۆمەڵایەتی و دیمۆگرافییەکانیان لە ڕووی تەمەن، ڕەگەز، باری کۆمەڵایەتی، شوێنی نیشتەجێبوون و پشەوە.

### پرسیاری لێکۆڵینەوە:

1. ئایا بری بەرهەمهێنانی ئاو لەسەرچاوە جیاوازەکان کیشەی کەم ئاوی دروستکردوە لەشاری چەمچەمال پەیوەندی بەدلەراوکێی ئایندەوە هەیە؟

2. ئایا دڵەڕاوکێی ئایندە پەیوەندی هەیە بە جیاوازی ڕەگەز، تەمەن، باری خێزانی، شوێنی نیشتەجێبوون و پیشەی بەشداربوانی توێژینەوەکەوە؟

### کێشەی لێکۆڵینەوە:

1. دووری سەرچاوەکانی ئاو لە ناوچەی لێکۆڵینەوە هۆکارە بۆ دروست بوونی کێشەی کەم ئاوی.

2. کیشەی کەم ئاوی دەبێتەهۆی دروستبوونی دڵەڕاوکێی ئایندە لای دانیشتوانی ناوچەی لێکۆڵینەوە.

### گریمانەی لێکۆڵینەوە:

1. زۆربوونی ژمارەی دانیشتوان وکۆچی گوندنشینان بۆ ناو سەنتەری قەزاکە ڕۆڵ دەبینێت لە زیادبوونی کیشەی کەم ئاوی لە ناوچەکە.

2. پەیوەندی هەیە لە نێوان کیشەی کەم ئاوی کاریگەری لەسەر دڵەڕاوکێی ئایندە لای دانیشتوانی ناوچەی لێکۆڵینەوە.

### میتۆدی لێکۆڵینەوە:

لە لێکۆڵینەوەکەدا، سوود لە میتۆدی (وەسفی) بۆ وەسفکردنی لایەنی تێوری لێکۆڵینەوەکە و میتۆدی (شیکاری) شیکارکردنی داتا و زانیاریەکانی ناو لیکۆڵینەوەکە وەرگیراوە.

**پلانی لێکۆڵینەوە:** تویژینەوەکە لە سێ بەش و چەند باسێك پێکهاتووە، بەشی یەکەم: ناساندنی ناوچەی لیکۆلینەوە. بەشی دووەم: کاریگەرییە جوگرافیەکانی کیشەی کەم ئاوی لە ناوچەی لێکۆلینەوە. بەشی سییەم: تەرخان کراوە بۆ لایەنی پراکتیکی توێژینەوەکە، و لە چەند باسێك پێکهاتووە و بە دەرەنجام و ڕاسپارە و لیستی سەرچاوەکان و چەند پاشکۆیەك کۆتایی بە توێژینەوەکە هاتووە..

## بەشی یەکەم:

### باسی یەکەم: ناساندنی ناوچەی توێژینەوە:


قەزای چەمچەماڵ، یەکێکە لە قەزا کۆنەکانی هەرێمی کوردستان، شوێنە جوگرافییەکەی دەکەوێتە باکوری خۆرهەڵاتی عێراق و باشوری خۆرهەڵاتی هەرێمی کوردستان. لە ڕووی فیزۆگرافیەوە بەسنووری جیاکەرەوەی ناوچەی شاخاوی و ناوچەی نیمچە شاخاوی دادەنریت و لە چوارچێوەی ناوچەی نیمچە شاخاویدایە. (صالح، صمد عبداللە، 2015، لxiv) سنوورە سروشتیەکەی لە خۆرهەڵاتەوە زنجیرە چیاکانی قەرەداغ و سەگرمە و هەنجیرە و قشلاخە لە باکورەوە زێی بچوك و لە باکوری خۆرئاوا چیای خاڵخاڵان و لە خۆرئاواوە بانی مەقان، لە باشورەوە (ڕووباری ئاوەسپی)یە (امین، بختیار محمد، 2012، ص7). سنوورە کارگێڕییەکەی بەم شێوەیە لە خۆرهەڵاتەوە پارێزگای سلێمانی لە خۆرئاواوە پارێزگای کەرکوك، لە باکورەوە پارێزگای هەولێر و قەزای کۆیەو دوکانە و لە باشورەوە قەزای کەلار وکفریە لە ئیدارەی گەرمیان. (صالح، چراخان نصرالدین، 2015، ل4).

هەروەها شوێنی ئەسترۆنۆمی سەنتەری قەزای چەمچەماڵ دەکەوێتە نێوان بازنەکانی پانی (50: 30. 35-51: 32: 35) باکور و هێڵەکانی درێژی (59: 47 :44- 13: 51: 44) خۆرهەڵات. نەخشەی (1)، ڕووبەری سەنتەری قەزاکە واتا شاری چەمچەماڵ دەکاتە (10.7کم$^2$)، ڕووبەری تەرخانکراو بۆ کۆی گەڕەکەکانی شارەکە دەکاتە (993کم$^2$)، هەرچی سەنتەری قەزای چەمچەماڵە دەکەوێتە نێوان ناحیەیی شۆڕش لە باشور، ناحیەی ئاغجەلەر و ڕێدار، لە باکور، ناحیەیی تەکیەی کاکەمەند لە خۆرهەڵات و ناحیەیی قەرەهەنجیر لە خۆرئاوا. (رشید، صدیق محمد، 2023، ل12) هەڵکەوتەی ناوچەی لێکۆڵینەوە، بە جۆرێکە زنجیرە بەرزاییەکانی بانی مەقان، دەکەوێتە خۆرئاوای شارەکەوە و دەروانێت بەسەر سەنتەری قەزاکەدا و قەڵای چەمچەماڵ لە ناوەندی شارەکەدا هەڵکەوتووە. گرنگی پێگەی جوگرافی قەزاکە لەوەدایە کە هەریەك لە پارێزگاکانی (سلێمانی و کەرکوك و هەولێر) پێکەوە دەبەستێت و نزیکەی (45)کم لە پارێزگای کەرکوك و (65)کم لە پارێزگای سلێمانیەوە دوورە. (جەباری، کازم، 2023، ل59).

قەزای چەمچەماڵ لەڕووی کارگێڕییەوە، سەربە پارێزگای سلێمانیە، شارۆچکەی چەمچەماڵ سەنتەری کارگێڕییەکەیەتی. جگەلە شاری چەمچەماڵ، کە سەنتەری قەزاکەیە. لە (شەش) یەکەی کارگێری پێکدێت کە بریتین لە (ناحیەی شۆڕش، ناحیەی تەکیەی کاکەمەند، ناحیەی ئاغجەلەر، ناحیەی

سەنگاو، ناحیەی تەکیەی جەباری، ناحیەی قادرکەرەم) لەگەڵ (324) گوند. (قائیمقامیەتی قەزای چەمچەماڵ، 2018، ل10)، هەروەها کۆی ڕووبەری گشتی قەزاکە کە دەکاتە (3454.05)کم2، بە ڕێژەی لە (26.24%)ی کۆی ڕووبەری پارێزگای سلێمانی پێکدەهێنێت، (عزالدین، ئارام رضا، 2017، ل4)، لە ئێستاشدا ژمارەی دانیشتوانی سەنتەری قەزاکە بۆ ساڵی(2023)، کە دابەشدەبن بەسەر (20)گەڕەکدا خۆیدەدات لە (83395)کەس، لەکۆی گشتی (224530) سەرجەمی قەزای چەمچەماڵ. (حکومەتی هەرێمی کوردستان، وەزارەتی پلاندانان، 2023)

**نەخشەی (1)، شوێنی سەنتەری قەزای چەمچەماڵ بەگوێرەی پارێزگای سلێمانی و هەرێمی کوردستان و عێراق**




سەرچاوە: رشید، صدیق محمد، دابینکردن و تایبەتمەندی ئاوی خواردنەوە لە شاری چەمچەماڵ، نامەی ماستەر (بلاونەکراوە)، کۆلیجی زانستە مرۆڤایەتییەکان، زانکۆی سلێمانی، 2023، ل11

## باسی دووەم: چەمك و زاراوەکانی لێکۆڵینەوەکە:

### 1. زاراوەی کێشە:

کێشە پێناسە دەکرێت بە دیاردەیەك یان دۆخێک، یاخود شتێک کە پێویستی بە سەرنجدان هەیە و پێویستە مامەڵەی لەگەڵدا بکرێت یان چارەسەر بکرێت، یاخود دۆخێکی نەخوازراوە و پێویستی بە لێکۆڵینەوە و گرتنەبەری ڕێگەچارەی گونجاوی زانستیە لە پێناو چارەسەرکردنی بابەتی و تێپەڕاندن و ئاسایی بوونەوە. جا کێشەکە هەر شتێک بێت ماددی بیت یاخود مەعنەوی و..هتد. مامەڵەکردن لەگەڵیدا و چارەسەرکردنی یاخود تێپەڕاندنی قورس بێت یان ئاسان پێویستی بە بنبڕکردنە. جگەلەمەش، کێشە بە دیاردەیەك وەسف دەکرێت کە جێگەی ڕەزامەندی نییە و دەبێتەهۆی سەختی ژیان و ناڕەحەتی بۆ دانیشتوان. دیارترین جۆرەکانی کێشەش، کێشەی کەم ئاویە کە وەك دیاردەیەکی باو لە چەندین وڵاتدا سەری هەلداوە. (Collins English Dictionary,2024; English, 1976)

هەموو کیشەیەك پێویستی بە گرتنەبەری ڕێگەی زانستی و هەنگاونان و پلان و ڕێگاچارەی پێویستە بۆ بنبڕکردن، هەرچی هەنگاوەکانی چارەسەرکردنی کێشەیە بەپێی جۆری کیشەکە و سەرچاوەی کیشەکە و ڕێگەکانی چارەسەرکردنی کێشەکە هەڵسەنگاندنی بۆ دەکرێت. ئەم پرۆسەیە پێویستی بە چەند هەنگاوێکی میتۆدی و زانستیە. سەرەتا بۆ ئەوەی لە هەر کێشەیەك بگەین پێویستی بە ناسینە و دەبێت کێشەکە پێناسە بکرێت. هۆکارەکانی ڕوودانی بزانرێت و قەبارەی کاریگەری کێشەکە و شێوەکانی دەستنیشان بکرێت. دواتر پلان و بژاردەی جۆراوجۆر بۆ چارەسەرەکان و بنبڕکردنی بگیرێتەبەر بەشێوەیەکی زانستی و چەند بیرۆکەیەکی باش بۆ ئەو مەبەستە بخرێتەڕوو. پاشان هەڵسەنگاندن بۆ بیرۆکە و بژاردەکان بکریت و لەنێویاندا باشترین بژاردە هەڵبژێردریت. پێویستە توێژەران لە کاتی چارەسەرکردنی کیشەدا گفتوگۆی ئەوە بکەن ئایا باشترین بژاردە بۆ چارەسەرکردنی کێشەکە چییە؟ ئاسانترین

بژاردە چییە؟ ئایا کێشەکە چارەسەر دەکات؟ ئایا بژاردەیەکی تر هەیە کە پێویستە تاقی بکەیتەوە؟هەتا لە کۆتاییدا چارەسەرە گونجاوەکە هەڵدەبژێردێت و دەچێتە بواری جێبەجێ کردنەوە. (Valdellon, 2022)

لەژێر ڕۆشنایی ئەو پێناسانەی سەرەوە، توێژەران ئاماژە بەوەدەکەن، مەبەست لە کیشە دیاردەیەکە پێویستی بە چارەسەرە، هەموو کێشەیەکیش هۆکاری دروستبوونی خۆی هەیە و ڕێگەیەکی گونجاوی زانستیشی هەیە بۆ چارەسەرکردن.

**2. کێشەی کەم ئاوی:**

لەگەڵ ئەوەی ناوچەی لێکۆڵینەوە دەوڵەمەندە بە سەرچاوەکانی ئاو لەناویاندا ئاوی سەرزەوی و ئاوی ژێرزەوی، کەچی بەدەست کێشەی کەم ئاوییەوە دەناڵێنێت، بەتایبەت ئاوی پاکی خواردنەوە لەلایەك بەهۆی دووری سەرچاوەکانی ئاو لەسەنتەری قەزاکە لەلایەکی تر نەتوانراوە بە شێوەیەکی باش ئیدارەی کێشەی کەم ئاوی بدرێت و سوود لە سەرچاوەکانی ئاوی وەك ڕووبار و چەم و پۆند و بەنداوەکان وەربگیرێت بۆ چارسەرکردنی کێشەی کەم ئاوی لە ناوچەی لێکۆڵینەوە.

ئەم شارە لە مێژە بەدەست قەیرانی کەمی ئاوەوە دەناڵێنێت، ئەوەتانێ شاکیر فەتاح قائیمقامی چەمچەماڵ، لە ساڵی (1946) ئاماژە بە بوونی کێشەی ئاوی خواردنەوە دەکات لە قەزاکە بەتایبەت سەنتەری قەزای چەمچەماڵ، هەروەك لە ڕۆژنامەی چەمچەماڵدا ئاماژە بەوەدەکات بەهۆی نەبوونی سەرچاوەی پێویست بۆ ئاوی خواردنەوە و پیسی و نەشیاوی سەرچاوەکانی ئاوی شارەکە، لەوددەمەدا بە ڕاکێشانی ئاوی دۆڵی مەقان لە گوندی (مۆفەر)ەوە توانرا شارەکە ڕزگار بکرێت لە دەست کێشەی ئاوی پاك بۆ خواردنەوە. شاکیر فەتاح لە ساڵی (1946) دەڵێت (ئیتر ڕاستەوخۆ ئاوە پاکە خۆشەکەی گوندی مۆفەر(دۆڵی مەقان) دەخۆینەوە). (ئەحمەد، بەهادین، 2012، ل48) لە ئێستاشدا، بەهۆی کۆچی گوندنشینان بۆ سەنتەری قەزاکە، ژمارەی دانیشتوانەکەی ڕوو لە زیادبوونە و بەردەوام لە هەڵکشاندایە. پێویستی بۆ ئاوی خواردنەوە لە زیاد بووندایە، ئەگەرچی ساڵانە لە بۆنە جیاوازەکاندا بەڵێنی جۆراجۆر بە خەڵکی شارەکە دەدرێت بۆ چارسەرکردنی کێشەی ئاوی خواردنەوە بەڵام لەواقیعدا کێشەی کەم ئاوی لە شارەکە ساڵ بەساڵ ڕوولە زیادبوونە، لەلایەك بەهۆی زیادبوونی ژمارەی دانیشتوان لەلایەکی تر هیچ هەوڵ و پلانێکی خێرا لەئارادا نییە وەك ڕێگا چارەیەکی بنەڕەتی بۆ چارەسەرکردن و بنبڕکردنی کێشەی کەم ئاوییەی لە ناوچەی لێکۆڵینەوە.

هەرچەندە کیشەی کەم ئاوی پیناسەی جۆراو جۆری بۆکراوە بەڵام ئەو پیناسانە لە(2) خالدا یەکدەگرنەوە کەبریتین لە:-

1- تێکچوونی باری دەرونی و دروستبوونی دڵەڕاوکێ لای هاولاتیان.

2-ئەم دۆخی تێکچوونە دەرئەنجام دەرهاویشتەی نەرێنی (نێگەتیڤی) لێدەکەوێتەوە.

توێژەران پێیان وایە کێشەی کەم ئاوی بریتیە لەو دیاردانەی کەپەیدا دەبن لە ئەنجامی کارلێکی نێوان ژمارەی هاوبەشان و کارگێری شارەوانی لە سنوری شارەوانی سەنتەری قەزادا. دەبنە مایەی تێکدانی سیستەمی بەکاربردنی ئاو لەم شارەدا و کاریگەری نەرێنی لەسەر بەکاربردنی ئاو دەکات و پێویستی بە چارەسەرکردن هەیە.

**3. دڵەڕاوکێی ئایندە:**

چەمکی دڵەڕاوکێی ئایندە بە دۆخێکی ترس و دڵەڕاوکێ دادەنرێت، دەبێتەهۆی گۆڕانکاری نەرێنی لە داهاتوودا، ئەگەر هەیە مەترسی و هەڕەشەیەك ببێت بۆ تێکدانی ئارامی دەروونی مرۆڤ لە ئایندەدا. ئەمەش کاریگەری لە سەر کەسێتی تاك بەجێدەهێڵێت. ئەم دڵەڕاوکێیە جۆرێکە لە دڵەڕاوکێی گشتگیر (GAD)، کە ڕەگ و ڕیشەکەی لە واقیعی ئێستادا هەیە، و لە کۆمەڵێک نیشانەی وەک ڕەشبینی، لاوازی تەرکیز، گرژبوونی ماسولکەکان و هەستکردن بە ترس و دڵەڕاوکێ بۆگەیشتن بە ئامانجەکان و نەبوونی دڵنیایی سەبارەت بە داهاتوو.

(Zaleski, 2018, p.163)

ماکلود و ئەوانی تر، پێناسەی دڵەڕاوکێی ئایندە دەکات بە دۆخی ترس و گرژی و ناڕەحەتی کە لە پێشبینیکردنی مەترسییەکەوە سەرچاوە دەگرێت. تارادەیەک سەرچاوەکەی نادیارە یان سەرچاوەکەی ڕوون نییە، دەشێت لە ئایندەدا ڕووبدات و یاخود دڵە ڕاوکێی ئایندە بە گەشەکردنی دڵەڕاوکێ و گۆڕانی بۆ ترس و هەستکردن بە مەترسی لە ئایندەدا ناودەبرێت. دڵەڕاوکێی ئایندە بە هەستێکی سۆزداری وەسف دەکرێت کە تایبەتمەندی سەرلێشێواوی، ناڕەحەتی، لاوازی پەیوەندی کۆمەڵایەتی، پێشبینی خراپ و ترس لە ئایندەی تێدا دەبینرێت.(Macleod et al, 2015, p. 19). هەرچی سەبارەت بە کاریگەری دڵەڕاوکێی ئایندەیە لە توێژینەوەکانی پێشوو بۆ نموونە Rappaport (2018,p.374) ئەوە دەخاتەڕوو کە ئەم جۆرە دڵەڕاوکێیە کاریگەری ڕاستەوخۆی لە سەر ئایندەی تاکەکانی کۆمەڵگا هەیە بە تایبەت لە تێڕوانین و پێشبینی بۆ خودی خۆیان و ترس و دڵەڕاوکێ دەربارەی ژیانی ئایندەیان کە چی ڕوودەدات، یان ڕەنگە لە ئایندەدا دۆخی ناخۆشتر ڕووبدات. دەرئەنجام ئەم تێڕوانین و پێشبینیە ڕەنگە لە ئایندەدا ببێتە سەرچاوەی دڵەڕاوکێ و مەترسی بەهۆی تێڕوانینێکی هەڵە بۆ ڕووداو و پێشهاتەکان. نەبوونی متمانەی تاک لە توانای مامەڵەکردن لەگەڵ ڕووداوەکان و ئەم دۆخە دەرئەنجامی نەرێنی بۆ سەر بیرکردنەوەکانی تاك بەجێدەهێڵێت. ئەمەش دەبێتەهۆی زیادبوونی دڵەڕاوکێ و نەگونجاندنی تاك لەگەڵ ئەو ڕووداوانەی کە لە ئایندەدا ڕوودەدەن. هەروەها Barlow (2017) ئەوە دەخاتەڕوو کە لە ئەنجامی چاوەڕوانی شتێك یان دۆخێك کە لە ئایندەدا ڕوودەدات تاك تووشی دڵەڕاوکێ دەکات و دەبێتە هەڕەشە بۆ سەر ئاسایشی دەروونی تاک، ئەم هەڕەشەیەش دوولایەنەیە، چاوەڕوانییەکەش پەیوەندی بە ڕووداوەکانی ئایندەوە و ترس لە ئایندەوە هەیە کە چاوەڕوان دەکرێت لە داهاتوودا ڕووبدەن، ئەمەش دەبێتە هۆی گرژی و تێکچوون لە لایەنە جیاوازەکانی دەرون و ڕەفتاری مرۆڤدا.

بەڵام لە تێڕوانینی فرۆیدا؛ دڵەڕاوکێی ئایندە بەهۆی زەبروزەنگی لەدایکبوونەوە درووست دەبێت، ئەمەش یەکەم مەترسییە کە ڕووبەڕووی تاك دەبێتەوە، و ئەم مەترسیانە کاریگەری لەسەر ژیانی ئایندەی تاك بەجێدەهێڵێت، ڕەنگە ببێتەهۆی کەم و کورتی جەستەیی ئەگەر مەترسییەکە بابەتیی بێت، یان کەم و کورتی دەروونی ئەگەر مەترسییەکە غەریزەیی بێت، و تاك لەم دۆخەدا پێویستی بە ڕێنمایی کردنە بەهۆی ئەو دۆخە ناخۆشەی پێیدا تێپەڕیوە (Ari, 2011, p. 146). هاوشێوەی فرۆید، Moline ( 2017, p. 509) دڵەڕاوکێی ئایندە ئەگەڕێنێتەوە بۆ چەند هۆکارێکی ترکە دەبنەهۆی ئەوەی تاك نەتوانێت خۆی بگونجێت لەگەڵ بارودۆخە سەختەکانی وەك: هەڵوەشاندنەوەی خێزان کە وادەکات تاك مەیل لەدەست بدات و هەست

بە نامۆیی بکات و واهەست بکات  کە سەر بە بنەماڵەکەی و ئەو کۆمەڵگەیە نییە کە تێیدا دەژی. ڕەنگە نەبوونی ئاسایشی دەروونی و کۆمەڵایەتی و نەبوونی توانای پێشبینیکردنی بۆ ئاییندە لە دەست بدات. نەتوانێت پرۆژە و پلان و بەرنامەکانی  سەبارەت بە داهاتوو بونیاد بنێت

هەروەها  Abu Al-Ela, Muhammad (2010) ئاماژ بەوە دەدات کە مەرج نییە هۆکارەکانی دڵەڕاوکێی ئاییندە تەنها پەیوەندی بە فاکتەرە دەرونیەکانەوە بێت بەڵکو لەزۆر باردا فاکتەرە کۆمەڵایەتییەکانیش هۆکارن بۆ دروست بوونی ئەو دۆخە. بەوپێیەی کاردانەوەی سۆزداری بەرامبەر بە بەهاکان و گۆڕانکارییە کۆمەڵایەتییەکانی کۆمەڵگە و فشارەکانی ژیان لەزیادبوندان، دەرئەنجام هەستکردن بە دڵەڕاوکێ و ترس لە  ململانێکان و ترس لە نەگەیشتن بە ئەنجام و بیرکردنەوە و خەمخواردن لە ئاییندە، تاك تووشی دڵەڕاوکێی ئاییندە دەکەن. پەیوەست بە کاریگەریەکانی دڵەڕاوکێی ئاییندە لەسەر ژیان و ڕەفتار و کەسایەتی مرۆڤ، یەکێکی تر لە توێژینەوەکان بە نموونە (Aasdi, nahar ,2011) باسی کاریگەری دڵەڕاوکێی ئاییندە دەکات لە سەر ژیانی خەڵك کە چۆن کاریگەری نەرێنی لەسەر ژیان و ڕەفتار و کەسایەتیان دەردەکەوێت، ئەمەش دەبێتەهۆی شکست و بێ توانایی لە گەیشتن بە ئامانج و خواستەکانی تاك لە ئاییندەدا و لە دیارترین کاریگەرییە نەرێنییەکان، هەستکردن بە تەنیایی تاک، گۆشەگیری لە چوارچێوەی ڕۆتینێکی دیاریکراوا و نەبوونی نەرمی نواندن و ئەنجام نەدانی چالاکیەکان. جگە لە بەکارهێنانی فشارخستنە سەر کەسانی تر و مامەڵەی ناخۆش لەگەڵیاندا لەپێناو دابینکردنی پێداویستییەکانیان لە ئاییندەدا، هەروەها دەبێتەهۆی ئەوەی تاک نەتوانێت بە شێوەیەکی دروست پلان بۆ ژیانی دابنێت و ئەمەش لە ئێستادا ڕەنگدانەوەی نەرێنی بەجێدەهێڵێت و ڕەنگە ڕێگری بکات لە گەیشتن بە ڕوئیایەکی ڕوون سەبارەت بە ئاییندە.

## بەشی دووەم

## کاریگەرییە جوگرافیەکانی کێشەی کەم ئاوی لە ناوچەی لێکۆڵینەوە

### باسی یەکەم:  دابەشبوونی جوگرافی سەرچاوەکانی ئاو لە شاری چەمچەماڵ:

### یەکەم:  توانستەکانی سەرچاوەکانی ئاو لە سەنتەری قەزای چەمچەماڵ دابەش دەبێت بۆ:

**أ. ئاوی سەر زەوی:**

ئاوی سەرزەوی بریتیەلە کەناڵە سروشتیەکانی وەك دەریاو زەریا و ڕووبار و چەمەکان، یان دەستکردەکانی وەك دەریاچە و بەست و بەنداوەکان، گرنگی ئەم کەناڵە ئاویانە لەوەدایە بۆ زۆر مەبەستی وەك خواردنەوە و کشتوکاڵ و پیشەسازی و گەشتوگوزاری و...هتد، بەکاردەهێنرێن (Law، 2022) ، ئاوی سەرزەوی ناوچەی لێکۆڵینەوەیە دابەشدەبن بۆ:

**1. ڕووبارە هەمیشەییەکان:** هیچ ڕووبارێکی هەمیشەییمان نییە بەناو سەنتەری قەزای چەمچەماڵدا تێپەڕببێت ئەوەی هەیە لەسەر ئاستی قەزایە و بەناو هەندێك لە یەکە کارگێڕییەکانی قەزاکەدا تێپەڕ دەبێت.

**2. چەمە وەرزییەکان:**

چەمی شیوەسووری چەمچەماڵ، یەکێکە لە چەمە وەرزییەکان دەکەوێتە سەنتەری قەزای چەمچەماڵەوە لەباکووری ڕۆژئاواوە بەرەو باشوور ڕۆژهەڵات دەڕوات و بە لای ڕۆژهەڵاتی چەمچەماڵدا تێدەپەڕێت، ئاوەڕێژگەی سەرجەم دۆڵ و چەمەکانی شاری چەمچەماڵ و ناحیەی شۆڕشە، چەندین چەمی بچوکی تێدەڕژێت، دروستکردنی بەنداو لە سەر ئەم چەمە کاریگەری گرنگی دەبێت بۆ زیاد بوونی ئاوی ژێر زەوی لە ناوچەکەدا.

**3. پۆند و بەنداوەکان:**

لە ناوچەی لێکۆڵینەوەدا ژمارەیەك پۆند و بەنداو هەن بۆ گلدانەوەی ئاوی باران و بەفر ئەم بەنداوانە بەشێك لە ئاوی سەرزەوی ناوچەکە پێکدەهێنن، بۆ مەبەستی جیاوازی سوددی لێدەبینرێت. وەك لە خشتەی (1)دا هاتووە و گرنگترینیان ئەمانەن:

**خشتەی (1)، پۆند و بەنداویەکانی شاری چەمچەماڵ، بۆ ساڵی (2023)**

| بەست و بەنداوەکانی شاری چەمچەماڵ | بازنەکانی پانی | هێڵەکانی درێژی | ب.ل.د (م) | پێوانەی ئەندازەی پۆندەکان | | | | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | | | | درێژی (م) | بەرزی (م) | پانی بنکە بە (م) | قوڵی ئاو بە(م) | قەبارەی ئاو(م٣) |
| گوندی گورگەیی فەتاح | ٣٥° ٣٤´ ٢٤" | ٤٤° ٥١´ ٤٦" | ٧٢٩ | ١٤٠ | ١٣ | ٨٥ | ٨ | ١٥٠,٠٠٠ |
| گوندی گورگەیی ئەحمەد | ٣٥° ٣٥´ ٢٢" | ٤٤° ٥٠´ ٨" | ٧٥٠ | ٧٠ | ١٠ | ٧ | ٧ | ٤٩,٠٠٠ |
| گوندی زەنانی بچوك | ٣٥° ٢٧´ ٥٠" | ٤٥´ ٠٠ ٣٩" | ٦٢٣ | ١٢٥ | ٥ | ٣٠ | ٤ | ٣٠,٠٠٠ |
| گوندی کونە کۆتر | ٣٥° ١٤´ ٣٤" | ٤٤° ٤٧´ ٠٦" | ٤٩٣ | ٧٠ | ٨ | ٢٠ | ٦ | ٤٩,٠٠٠ |

سەرچاوە: پشت بەست بە:

(1) صمد عبداللە صالح، شیکردنەوەی جوگرافی بۆ ئاوی ژێرزەوی لە قەزای چەمچەماڵ، نامەی ماستەر(بڵاونەکراوە)، فاکەڵتی پەروەردە، زانکۆی کۆیە، 2015، ل52

**ب. ئاوی ژێرزەوی:**

یەکێکە لە سەرچاوە گرنگەکانی ئاو لە جیهاندا، ئەم گەنجینەیە بەشێك لە ئاوی باران و بەفر لەناو خاکدا لەچینەکانی خوارەوەدا کۆدەبێتەوە (جلال، جیمل، 1999، ل158)، لەشێوەی کانی و کارێزدا دەردەکەوێت. هەرچی ژمارەی کانی و کارێز و بیرەکانی سەنتەری قەزای چەمچەماڵە لە خشتەی (2) بەم شێوەیە هاتووە.

**خشتەی (2)، سەرچاوەکانی ئاوی ژێر زەوی لە شاری چەمچەماڵ بۆ ساڵی 2023.**

| ئاوی ژێر زەوی | ژمارە |
|---|---|
| بیر | 103 |

سەرچاوە: توێژەران پشت بەست بە:
حکومەتی هەرێمی کوردستان، وەزارەتی کشتوکاڵ و سەرچاوەکانی ئاو، بەڕێوەبەرایەتی سەرچاوەکانی ئاوی سلیمانی، هۆبەی ئاودێری چەمچەماڵ، 2023.
ئەمە لەکاتێکدا کۆی گشتی توانستەکانی ئاوی قەزاکە بۆ ئاوی سەرزەوی دەکاتە (7.41)بە م3 ئاوی ژێرزەوی دەکاتە (1841.05) لیتر/چرکە. بڕوانە خشتەی (3)

**خشتەی (3)، بەشێك لە توانستەکانی ئاو لە سەر ئاستی قەزای چەمچەماڵ**

| ئاوی سەرزەوی | | ئاوی ژێرزەوی | | |
|---|---|---|---|---|
| ڕووبارەکان | داهاتی ئاو بە ملیار م3 | جۆری سەرچاوەکانی ئاو | ژمارە | کۆی داهاتی ئاو لیتر/چرکە |
| زێی بچوک | 7.3 | کانیاو | 207 | 615.0 |
| ئاوەسپی | 0.11 | کارێز | 18 | 85.14 |
| باسەرە | 0.70 | بیری قوڵ و بیری دەستکرد | 541 | 1140.91 |
| کۆی گشتی | 7.41 | کۆی گشتی | 766 | 1841.05 |

**سەرچاوە:** کاری توێژەر پشتبەست بە: جمیل جلال محمد علی، سەرهەد طارق محمد، پێداویستیەکانی ئاو بۆ بەرجەستەکردنی ئاسایشی خۆراك لە قەزای چەمچەماڵ، گۆڤاری زانکۆی سلێمانی، بەشی (B) زانستە مرۆڤایەتییەکان، ساڵی بیست و دووەم، ژمارەی تایبەت بە کۆنفرانسی زانستی و نێودەوڵەتی کۆلێژی زانستە مرۆڤایەتییەکانی زانکۆی سلێمانی ڕێکەوتی: 23-2019/4/24.

## دووەم: ڕێگاکانی دابینکردنی ئاوی خواردنەوە:

ئاوی خواردنەوە بە سەرچاوەیەکی سەرەکی پێداویستیە بنەڕەتییەکانی دانیشتوان دادەنرێت، بەجۆرێك ڕەنگە مرۆڤ بتوانێت بۆ ماوەی چەند ڕۆژێك بەبێ خواردن بژێت بەڵام مەحاڵە بە بێ ئاوی خواردنەوە بتوانێت ژیان بکات، لە ناوچەی لێکۆڵینەوەش بە چەند شێوەیەکی جیاواز و لەڕێگەی چەند پرۆژەیەکەوە ئاوی خواردنەوە بۆ قەزاکە دابین دەکرێت لەوانە:

**أ. پرۆژەی ئاوی دوکان:** ئەم پرۆژەیە توانای بەرهەمهێنانی (12000)م3 ئاوی هەیە لە کاتژمێرێکدا، پاش ئەوەی قۆناغەکانی (وەرگرتن و نیشاندان و پاڵاوتن و کلۆرەیشن) دەبڕێت و بڕێك لەم ئاوە لەڕێگەی بۆری تیرە (900)ملم، دەنێرێت بۆ خەزانی سەرەکی کۆنکرێتی لە دەربەندی تەکیە(بازیان) لە ناحیەی تەکیەی کاکەمەند، قەبارەکەی ئەم خەزانە نزیکەی (12000)م3 یە، ئاستی ئیلیڤەیشن لەنێوان ئەم تانکیە و شاری چەمچەماڵدا نزیکەی (100)م جیاوازە، بۆیە بەشێوەیەکی گراڤیتی ئاوەکە لەم تانکیەوە دەگاتە قەزاکە، بە بڕی (1250)م3 لە کاتژمێرێکدا.

ب. پرۆژەی ئاوی کانی شەیتان: ئەم پرۆژەیە بریتیە لە کۆکردنەوەی ئاوی چەند بیرێك لە کانی شەیتان لە دوو تانکی کۆنکرێتی ئەرزی بە قەبارەی (200)م3 و (300)م3، پاشان لەڕێگەی پەمپەوە دەنێردرێت بۆ خەزانی سەرەکی (12000)م3 لە دەربەندی تەکیە(بازیان) لە ناحیەی تەکیەی کاکەمەند، دواتر دەگات بە قەزاکە، توانای بڕی ئاوی ئەم پرۆژەیە (200)م3، لە کاتژمێرێکدا. فەرمانگەی ئاوی چەمچەماڵ، 2023).

**ت. پرۆژەی ئاوی بانی مەقان:** بریتیە لەکۆکردنەوەی ئاوی کۆمەڵێ بیری قوڵ لە تەنکیەکی کۆنکرێتی ئەرزی دواتر دەگاتە خەزانێکی تری (12000)م3 لە ناو سەنتەری قەزاکە، توانای بەرهەمهێنانی بڕی ئاوی ئەم پرۆژەیە دەگاتە (200)م3 لە کاتژمێرێکدا. (فەرمانگەی ئاوی چەمچەماڵ، 2023).

**پ. پرۆژەی ئاوی وێستگەی کارەبای سلێمانی غازی:** ئەم پرۆژەیە هی کەرتی تایبەتە لەبنەڕەتدا ئەم پرۆژەیە بۆ دابینکردنی ئاوی وێستگەی کارەبای سلێمانی غازیە، لەڕێگەی گەیاندنی ئاوی گۆپتەپە(زێی بچوك) بۆ وێستگەی کارەبای سلێمانی غازی و چەند کارگەیەکی دروستکردنی شیش و پاڵاوگەی نەوتی بازیانە، ئەو بڕەی کە لێیان زیادە دەدرێت بە قەزاکە و ئەویش بڕێکی دیاری نەکراوە لەکاتی پێویستدا گۆڕانکاری بەسەردا دێت، پاش وەرگرتنی لە وێستگەی ناوبراو لەڕێگەی فلتەرەیشنەوە تێکەڵ بە پرۆژەی ئاوی کانی شەیتان و حەوزی کۆنکرێتی (12000)م3 دەبێت لە دەربەندی تەکیە(بازیان) لە ناحیەی تەکیەی کاکەمەند و لەوێوە دابەشدەکرێت بەسەر قەزاکەدا (فەرمانگەی ئاوی چەمچەماڵ، 2023).

## سێیەم: شێوەکانی دابەشکردنی ئاو و بەرکەوتەی ئاو لە ناوچەی لێکۆڵینەوە:

هەرچی شێوەکانی دابەشکردنی ئاوی خواردنەوەیە لە ناوچەی لێکۆڵینەوە، ئەوا بە چەند شێوەیەك ئاو دابەشدەکرێت لەوانە (لەڕێگەی بۆریەوە(تۆڕی ئاو)، کۆکردنەوەی ئاو لە تەنکی بەرز، دابەشکردنی ئاو بە تەنکەر، کۆکردنەوەی ئاوی بەدەست گەیشتوو لەڕێگەی بیر و کۆگاکانی کۆکردنەوەی ئاو)ەوە.

سەبارەت بە بەرکەوتەی ئاو لە ناوچەی لێکۆڵینەوەدا ئەگەر گریمانەی بەکارهێنانی ئاو بکەین لەناو سەنتەری قەزا، لەکاتێکدا ژمارەی دانیشتوانی سەنتەری قەزا بۆ ساڵی(2023) دەکاتە (83395)کەس، لە هەموو سەرچاوە و پرۆژەکانی دابین کردنی ئاوەوە بڕی کۆی ئاوی بەدەست گەیشتوو یەکسانە (15500000)لیتر، ئەوا بەپێی ئەم هاوکێشەیە بڕی ئاوی بەدەست گەیشتوو بۆ هەرتاکێك لە شەو و ڕۆژێکدا بەم شێوەیە دەبێت:

بڕی ئاوی بەدەست گەیشتوو بۆ هەر تاکێك لە شاری چەمچەماڵ و لە شەو و ڕۆژێکدا =(83395\15500000) دەکاتە بەنزیکەی (186)لیتر\کەسێك. (صدرالدین، کاظم احمد، 2023، ل113).

هەر بەپێی ستاندەرە جیهانی و عێراقیەکان بڕی ئاوی پێویست بۆ هەر تاکێك لە شەورۆژێکدا بەنزیکەی (250-300)لیتر ئاو خەمڵێنراوە، کەچی ئەگەر ناوچەی لێکۆڵینەوە بەراورد بکەین بەستاندەرە جیهانی و عێراقەکان لەرووی بڕی ئاوی بەرکەوتە لە شەو و ڕۆژێکدا ئەوا دەڵێن:

**أ- بەشێوەی ڕێژەی سەدی:** (186)لیتر ئاوی بەدەست گەیشتوو\ 250لیتر بڕی ئاوی ستاندەر لە شەو و ڕۆژێکدا×100= (74%) بڕی ئاوی پێویستی بە دەست گەیشتوو بۆ هەرتاکێك لە ناوچەی لێکۆڵینەوە.

**ب- بەشێوەی ڕێژەی سەدی:** (186)لیتر ئاوی بەدەست گەیشتوو\ 300لیتر بڕی ئاوی ستاندر لە شەو و ڕۆژێکدا×100= (62%) بڕی ئاوی پێویستی بە دەست گەیشتوو بۆ هەرتاکێك لە ناوچەی لێکۆڵینەوە (شکور، حەویز رەحیم، چاوپێکەوتن، 2023).

کەواتا ڕێژەی ئاوی بەدەست گەیشتوو بۆ هەر تاکێکی دانیشتووی ناوچەی لێکۆڵینەوە بە پێی بڕی ئاوی ستاندەرە عێراقی و جیهانییەکان دەکاتە (74% بۆ 62%)، ئەمەش بەو مانایەدێت، هەر تاکێکی دانیشتووی ناوچەکە بڕی ئاوی پێویستی بەدەست ناگات. بۆیە بڕی ئاوی پێویست بۆ خواردنەوە ڕێژەیەکی یەکجار کەمە بەراورد بە ستاندارە عێراقی و جیهانیەکان ئەمەش دەرخەری ئەو ڕاستیەیە کە ناوچەی لێکۆڵینەوە سەرەڕای فرەجۆری سەرچاوەکانی ئاو بە ئاوی سەرزەوی و ئاوی ژێرزەوییەوە، بەڵام نەتوانراوە بەشێوەیەکی باش سوودیان لێ وەربگیرێت، بۆیە ناوچەکە بە قەیرانێکی قوڵی کەم ئاویدا تێپەڕ دەبێت و ساڵانە لە وەرزی هاویندا، ڕادەی قەیرانی کەم ئاوی دەگاتە لوتکە جاری وا هەیە لە مانگێکدا تەنها (دوو)جار و هەر جارەو (سێ)کاتژمێر ئاوی بۆریان بۆ بەردەدەنەوە و ئاویان بۆ دابین دەکەن.

## باسی دووەم:

## فاکتەرە جوگرافیەکان و کاریگەریان لەسەر کێشەی کەم ئاوی:

**یەکەم: فاکتەرە سروشتیەکان:** فاکتەرە سروشتیەکان لەو هۆکارانەی کە کاریگەریان لەسەر کێشەی کەم ئاوی هەیە لە ناوچەی لێکۆڵینەوە و گرنگترین فاکتەرەکانیش بریتین لە:

**1. گۆڕانکارییەکانی ئاووهەوا:** قەزای چەمچەماڵیش بەشێکە لەو زۆنەی کە گۆڕانکارییەکانی ئاووهەوای بە ئاشکرا پێوە دیارە لەلایەك بەهۆی بەرزبوونەوەی پلەکانی گەرمی و ڕەنگدانەوەی دیاردەکانی بەبیابانبوون و تێکچوونی ژینگە لە زۆر ناوچەی قەزاکە و بوونی دیاردەی وشکەساڵی کە بەشێکە لە کاریگەرییەکانی گۆڕانکارییەکانی ئاووهەوا بەسەر ناوچەی لێکۆڵینەوە. ئەم دیاردەیە نەك کاریگەری لەسەر دابەزینی ئاوی ژێرزەوی بەڵکو کاریگەری لەسەر کەمبوونەوەی ئاوی سەرزەوی و ژینگەی ناوچەکەش هەیە، بەتایبەت لە وەرزی هاویندا. (فەرمانگەی ئاوی چەمچەماڵ، 2023).

**2. کێشەی بەبیابانبوون:** یەکێکە لەو کێشانەی هەڕەشە لە ئایندەی ئاوی سەرزەوی و ژێرزەوی ناوچەکە دەکات، بەهۆی فاکتەرە سروشتی و مرۆییەکانەوە، هەرچی دیاردەی بەبیابانبوونە لە ناوچەی لێکۆڵینەوە لەم شێوانەی خوارەوەدا دەردەکەوێت بەڕێژەی جیاواز "دیاردەی ڕاماڵینی ئاوی و هەوایی بەڕێژەی (27.7%)، ڕووپۆشی ڕوەکی، کە بەجۆرێکە لەناوچوونی دارستانەکانی بانی مەقان بەڕێژەی (75%) و دارستانەکانی باکوری ڕۆژئاوای سنگاو (50%) و دارستانەکانی تەکیەی کاکەمەند (25%) گژوگیای ناوچەکەش بەهۆی لەوەڕاندنی بێسەرپەرشت ڕووبەڕووی لەناوچوون بوەتەوە، دابەزینی ئاستی ئاوی ژێرزەوی بەهۆی وشکەساڵیەوە بەڕێژەیەك دابەزیوە بوەتەهۆی وشك بوونی بیرە تەنکەکان بەڕێژەی (45.5%) و کانیەکان (75%) و کارێزەکان (64%)، دیاردەی شۆرەکات لەو شوێنانەدا باوە کە ڕێژەی خوێ تواوە لە ئاوەکانیاندا زۆرە وەك لە نزیك چەمەکانی قەیتول و دەرزیلە و عەلی مەنسور و مەملەحە و..هتد دا دەردەکەوێت ڕووبەری زەویە بەراوەکانی دەکاتە (9950)دۆنم، گەردەلولی لماوی و خۆڵبارین لەئەنجامی بای بەردەوام و وشکی ناوچەکانی باشور وادەکات کاریگەری گەردوتۆزی لماوی ناوچەکانی ناوەڕاست و باشوری عێراق بهێنێت بۆ ناوچەی لێکۆڵینەوە تێکڕای ژمارەی ئەو ڕۆژانەی خۆڵبارینی تێدا ڕوودەدات لە ناوچەی لێکۆڵینەوە بەراورد بە ساڵانی پێشوو ڕووی لە زیادبوونە". (ئەمین، یاسین محمد، 2011، ل286).

**3. پلەی گەرمی:** بەرزبوونەوەی پلەی گەرمی لە چەند ڕوویەکەوە کاریگەری لەسەر ئاوی ناوچەکە هەیە، لەلایەك بەهۆی ئەوەی لەوەرزی هاویندا کاتێك پلەی گەرمی بەرزدەبێتەوە ئەوا دانیشتوانی قەزاکە خواستیان لەسەر بڕی بەکارهێنانی ئاو زۆرتر دەبێت چ بۆ خواردنەوە و خۆشتن چ بۆ هەڵکردنی ئامێرە فێنککەرەوەکان، یان بۆ هەر مەبەستێکی تر. (شکور، حەویز رەحیم، چاوپێکەوتن، 2023)

**دووەم: فاکتەرە مرۆییەکان:** لە گرنگترین ئەو هۆکارانەن کە کاریگەریان هەیە لەسەر کێشەی کەم ئاوی شان بەشانی فاکتەرە مرۆیەکان گرنگترین فاکتەرەکانیش ئەمانەن:

**1. فراوان بوونی شار و زۆربوونی دانیشتوان:** یەکێك لەو فاکتەرە مرۆیانەی کاریگەری لەسەر کێشەی کەم ئاوی هەیە، ئەمەش لە ئەنجامی کۆچی گوندنیشان بۆ ناو سەنتەری قەزاکە و فراوان بوونی شارەکە و زۆربوونی ژمارەی دانیشتوان و دروستبوونی گەڕەکی نوێ لە قەزاکە. ئەمە هۆکارێکە بۆ زیادبوونی بەکارهێنانی ئاو، دروستبوونی هەر گەڕەکێکی نوێ پێویستی بە ژێرخانە لە بونیادنانی تۆڕی ئاو و دابین کردنی بڕی ئاوی پێویستە بۆ دانیشتوانەکەی، وەك ئاشکرایە قەزای چەمچەماڵ لەدوای پرۆسەی ئازادی عێراقەوە لە (2003)، لە ڕووی ژمارەی دانیشتوان و فراوانبوونی شارەکەوە گۆڕانکاریەکی گەورەی بەخۆوە بینیوە داتاکانی دانیشتوان ئەوەمان پێدەڵێن کە بە نموونە لە ساڵی (2002) کۆی دانیشتوانی قەزاکە (142655)کەس، بووە کەچی ئەم ژمارەیە لە ساڵی (2023) زیادی کردووە بۆ (224530)کەس، بە تەنها سەنتەری قەزا بۆ هەمان ساڵ ژمارەی دانیشتوانەکەی دەکاتە (83395)کەس. کە لە (20) گەڕەکدا نیشتەجێن، بێگومان زیادبوونی ژمارەی دانیشتوان و بونیادنانی گەڕەکی نوێ کاریگەری لەسەر زۆربوونی خواست لەسەر بەکارهێنانی ئەوی خواردنەوە هەیە.. (نصرەت، ڕێباز، چاوپێکەوتن، 2023)

**2. کۆن بوونی تۆڕەکانی ئاو و بەفیڕۆدانی ئاو** تۆڕەکانی بۆری ئاو هەر لە بۆری سەرەکی (دوکان-تاسلوجە) هەتا دەگاتە کۆگاکانی ئاو لە شارەکە بەردەوام مەترسی تەقین و شکانیان لەسەرە بەهۆی دووری لە سەنتەری قەزاکە و خراپی و کۆنی بۆرییەکان. دروستبوونی هەر کێشەیەك لەو بۆریە سەرەکیانە دەبێتەهۆی بچڕانی تۆڕی ئاو ڕاگرتنی ئاو و بێ ئاوبوونی گەڕەکەکانی قەزاکە. ئەمە جگەلەو بۆریانەی کە ئاوی بیرەکانی کانی شەیتان لە خۆرهەڵات و بیرەکانی بانی مەقان لە خۆرئاوا دەگەیەنن بە قەزاکە، لەلایەکی تر خراپی تۆڕەکانی ناوخۆی گەڕەکەکانی چەمچەماڵیش هۆکارێکی ترە بۆ بەفیڕۆدانی ئاو، بەهۆی کۆنی و خراپی بۆریەکانیان. ئەم فاکتەرە جیالەوەی کاریگەری لەسەر دروستبوونی کێشەی کەم ئاوی هەیە، هەروەها دەبێتەهۆی بەفیڕۆدانی بڕی ئاوی بەدەستهاتووی قەزاکە.

**3. نەبوونی پلان بۆ دابینکردنی سەرچاوی ئاوی تایبەت بۆ قەزاکە:** یەکێك لە گرفتە سەرەکیەکانی ئاوی شارەکە نەبوونی سەرچاوەیەکی ئاوی خۆماڵیە بۆ قەزاکە، بۆیە دانیشتوانی قەزای چەمچەماڵ بۆ دابینکردن و پڕکردنەوەی بڕی ئاوی پێویستی قەزاکە چاویان لە بۆری هێڵی (دوکان-تاسلوجە)یە، کە ئەم هێڵەش سەرباری کۆنی بۆریەکانی کە بەدرێژایی ساڵ تووشی گرفت دەبێت بەتایبەت لە وەرزی هاوین، ئەوەشی دەنێرێت ڕێژەیەکی زۆری لە قەزای بازیان و ناحیەی ئەڵایی و باینجان و بەردەقارەمان لێوەردەگیرێت و ئەوەی دەمێنێتەوە دەگاتە قەزاکە. نەبوونی پلان لە بواری دابینکردنی سەرچاوەی ئاوی پێویست بۆ قەزاکە وایکردوە دانیشتوانی قەزاکە ئاوی پێویستیان پێنەگات. (شکور، حەوێز ڕەحیم، چاوپێکەوتن، 2023). بەتایبەت لەوەرزی هاویندا هەندێکجار لە مانگێکدا تەنها (دوو جار) و هەرجارە و (دوو بۆ سێ) کاتژمێر ئاو وەردەگرن. کە ئەمەش ڕێژەیەکی کەمە و پێداویستی هاوڵاتیانی قەزاکە دابین ناکات، بۆیە قەزاکە بە قەیرانێکی قوڵی کەم ئاویدا تێپەڕدەبێت ئەوەی مایەی تێرامانە بەهۆی نەبوونی پلانی پێویستەوە کێشەی کەم ئاوی لە قەزاکە بووە بە کێشەیەکی بەردەوام و چارەسەرنەکراوە و خەڵکی ناوچەکە وایان لێهاتووە ئەم ئیدۆمە لەسەر زاریان بێت کە دەڵێت: (ساڵ بەساڵ خۆزگەم بەپار).

## بەشی سێیەم

## چوارچێوەی پراکتیکی توێژینەوە

## باسی یەکەم:

**1. کەرەستەی ئاماری:**

پاکێجی ئاماری بۆ توێژینەوە کۆمەڵایەتیەکان، بریتییە لە ڤێرژنی-26 کە کورتکراوەی (SPSS)ە بەکارهاتووە، کە (فرێکوێنسی، ڕێژەی سەدی% ، ناوەندی ژمێریاریMean، پەیوەندی پیرسۆن، لادانێکی ستاندارد SD، تی تێست(T.TEST)، (One way Anova) بە کارهاتووە.

**2. بەشداربوان (Participants):**

نمونەی توێژینەوەکە پێکهاتووە لە بەشێك لە دانیشتوانی شاری چەمچەماڵ، کە بە دەست گرفتی کەم ئاوی دەناڵێنن و نیشانەکانی دڵەڕاوکێی ئایندەیان تیا بەدیکراوە. بە پێی جیاوازی ڕەگەز، تەمەن، گەڕەك، باری خێزانی، کاتی هاتنەوەی ئاوی بۆری و جۆری گرفتەکە، توێژینەوەکە لە ماوەی نێوان ڕێکەوتی (2023/7/10) بۆ (2023/9/12) ئەنجامدراوە. لەڕێگەی دابەشکردنی فۆڕمی ڕاپرسی و ناردنی لینکی گۆگڵ فۆڕم کە بە شێوەی هەڕەمەکی(عشوائی) داتاکان وەرگیراوە. هەروەك تایبەتمەندییە دیمۆگرافییەکانی نموونەکە لە خشتەی (4) دا خراوەتەڕوو.

**خشتەی (4)، دیمۆگرافیای بەشداربوان**

| Variables – گۆڕاوەکان | Number | % |
|---|---|---|
| **Gender ڕەگەز** | | |
| نێر | 19 | 26.0 |
| مێ | 54 | 74.0 |
| **Age- تەمەن** | | |
| 18-20 | 2 | 2.8 |
| 20-25 | 8 | 12.3 |
| 25-30 | 9 | 13.7 |
| 30-35 | 11 | 16.5 |
| 35-40 | 17 | 21.9 |
| 40-50 | 18 | 21.9 |
| 50-60 | 8 | 11.0 |
| **باری خێزانی** | | |
| سەڵت | 22 | 30.1 |
| خێزاندار | 51 | 69.9 |
| **پیشە** | 20 | |

| | | |
|---|---|---|
| کاریماڵەوە | 53 | 72.6 |
| فەرمانبەر | 23 | 27.4 |
| **گەڕەك** | | |
| Asuda | 31 | 42.5 |
| Raparin | 6 | 13.6 |
| Azadi | 8 | 7.8 |
| Sharawani | 4 | 11.2 |
| Ashti | 6 | 5.5 |
| Bekas | 8 | 8.2 |
| Sarshaqam | 10 | 11.2 |
| **كاتی بەردانەوەی ئاو** | | |
| شەو | 27 | 37.0 |
| **ڕۆژ** | **46** | 63.0 |
| **چی جۆرە کێشەیەکە** | | |
| بەردەوام | 58 | 79.4 |
| **وەرزییە** | **15** | 20.6 |
| Total | 73 | 100.0 |

توێژەران پشت بەست بە: بە فۆرمی ڕاپرسی کە لە ڕێکەوتی (2023/7/10) بۆ (2023/9/12) خاياندوە، لە شاری چەمچەماڵ، بە بەکارهێنانی بەرنامەی (SPSS).

لە خشتە ی (4)، تایبەتمەندییە دیمۆگرافییەکانی بەشداربوانی توێژینەوەکە خراوەتەڕوو. کە (74%)ی بەشداربوان لە ڕەگەزی مێ و (26%) یان لە ڕەگەزی نێرن. زۆرترین ڕێژەی نموونەکە تەمەنیان لە نێوان (50-40)دایە کە (21.9%)پێك دەهێنێت، بەپێچەوانەوە کەمترین ڕێژەی بەشداربوان تەمەنیان لە نێوان (20-18)دایە کە دەکاتە(2.8%). هەروەها (30.1%)ی بەشداربوان سەڵتن و (69.9%)یان خێزاندارن. زۆرترین ڕێژەی بەشداربوان کە دەکاتە (42.5%)، لەگەڕەکی ئاسوودە دەژین و کەمترین بەشداربوو کە دەکاتە (2.7%) لە گەڕەکی ئاشتی پێکدەهێنن.

سەبارەت بەکاتی بەردانەوەی ئاو لەشارەکە خشتەکە ئاماژە بەوەدەکات، (37.0%)یان کاتی بەردانەوەی ئاویان دەکەوێتە شەووەوە، لە کاتێکدا (63%) یان کاتی بەردانەوەی ئاوی بۆریان دەکەوێتە ڕۆژەوە، هەروەها سەبارەت بە ماوەی کێشەی ئاو، خشتەی (4) ئەوەدەخاتەڕوو کە (79.4%)ی بەشداربوان بەشێوەی بەردەوام ڕووبەڕوی کێشەی ئاو دەبنەوە، لەکاتێکدا (20.6%) بە کێشەیەکی وەرزی دەبینن.

**3. پرۆسەی توێژینەوەکە: Prosedure**

پرۆسەی داتاکانی توێژینەوەکە دابەشکراوە بۆ دوو بەشی فۆرمی ڕاپرسیەکە: بەشی یەکەم: دیمۆگرافی بەشداربووان، تایبەتە بە (ڕەگەز، تەمەن، باری خێزانی، پیشە، گەڕەك، کاتی بەردانەوەی ئاو، جۆری کێشەکە). بەشی دووەم: کێشەی کەم ئاوی و پەیوەندی بە دڵەڕاوکێی ئایندە لای دانیشتوانی ناوچەی لێکۆڵینەوە کە لە پاشکۆی (3)خراوەتەڕوو. پێوانی نیشانەکانی دڵەڕاوکێ ئایندە دەکات لای نموونەی توێژینەوەکە، بۆیە فۆرمی ڕاپرسیەکە لە (22) برگە پێکدێت. هەروەها توێژەران بەشێوەی (هەڕەمەکی-Randomly)، لینکی گوگڵ فۆرمیان لە شاری چەمچەماڵ دابەشکردوە و دەرئەنجام (73) خێزان بە ڕاست و دروستی وەڵامیان داوەتەوە بە تایبەت کەسی سەرەکی خێزان کە بەردەوام لە خەمی هاتنەوەی ئاوی بۆری دایە بەشداریان کردووە و بە شێوەی درووست شیکار بۆ وەڵامەکانیان کراوە بە بەرنامەی(SPSS-26).

**4. ڕاستگۆیی(Validity):**

پێوانەیەکە بە واتای توانستی کەرەستەی ڕاپرسی بەکاردێت تا پێوانی ئەو دیاردە بکات کە بۆی دانراوە(Reis & Judd, 2000, p.7 ). توێژەران بۆ دەستکەوتنی ڕادەی ڕاستگۆیی پێوەرەکە، هەستان بە دابەشکردنی فۆرمی ڕاپرسی بەسەر چەند پسپۆڕێکی بواری دەروونناسی. بۆ پێداچوونەوە بە برگەکانی

ڕاپرسیەکە، بە ئامانجی ڕاستی و دروستی پێوەرەکە. ئەم پێوەرە پێشتر کە لە (25) برگە پێکهاتووە پێشتر چەند وەرگێر و شارەزایەك پێداچوونەوەیان بە برگەکانی ئەم ڕاپرسیەدا کردوە. پاشان شێوازی (لیگیرت) بۆ دیاریکردن لە (1 بۆ 5) بەکارهێنراوە، بە سوود وەرگرتن لە توێژینەوەی **(شلهوب، 2015).** کە دەرئەنجام دەرکەوت ئەلفا کرۆنباخ (0.869) نیشاندەدات و ڕاستگۆی بە پلەی زۆرباشی بەدەستهێناوە.

**5. جێگیری (Reliabilty):**

جێگیری واتا بەکارهێنان و دووبارەکردنەوەی تاقیکردنەوەکان زیاتر لە جارێك لەسەرهەمان نموونەی توێژینەوە، تاکو توێژەران ئەنجامێکی نزیك یان هەمان ئەنجامی توێژینەوەکەیان دەست بکەوێت(Csikszentmihalyi, 2011, p: 312). لە سەرەتای توێژینەوەکەدا توێژەران هەستان بە تێستی جێگیری ڕاپرسیەکە بەشێوەی (دابەشکردنی نیوەیی – Split-Half) لە سەر نموونەیەکی تاقیکاری، کە ژمارەیان نزیکەی (14) خێزان بوو، گرفتی کەم ئاویان هەبوو بەشداریان تێدا کردبوو. (هۆکاری پەیوەندیدار) (معاملي ارتباطي)یان بۆ کراوە، بە بەکارهێنانی هاوکێشەی (سپێرمان -Spearman Brown)، لە ئەنجامدا ئاستی پەیوەستی بریتی بوو لە (0.894) کە پلەیەکی زۆرباشە.

**6. شیکاری ئاماری (Data Analysis):**

دوای کۆکردنەوەی زانیاریە سەرەکییەکان، توێژەران لەم توێژینەوەیەدا پشتیان بە یاسای ئاماری (SPSS-26) بەستووە بۆ شیکردنەوەی داتاکانی توێژینەوەکە لەوانە: (ڕێژەی سەدی): سوود لەم یاسایە وەرگیراوە بەمەبەستی زانینی ڕێژەی ڕازیبوونی شارەزایان و وەڵامی نموونەیی توێژینەوەکە. هەروەها سوود لە یاسای (پێرسۆن) وەرگیراوە بۆ دەرهێنانی جێگیری. هەروەها سوود لە یاسای (T. TEST) وەرگیراوە، بەمەبەستی زانینی ئاستی دڵەڕاوکێی ئایندە لای بەشداربوان. هەروەها (ANOVA): ئەنۆڤا بەکارهاتووە کە فۆرمولەیەکی ئامارییە بەکاردێت بۆ بەراوردکردنی جیاوازییەکان لە ناوەندی ژمێریاری یان تێکڕای گروپە جیاوازەکان. هەرچی خشتەی فرێکوێنسی دابەشکردنی داتاکانە ویارمەتیدەرێکی باشە بۆ تێگەیشتن لەوەی کام هەڵبژاردن زۆر یان کەم گۆڕاو لە کۆمەڵەی داتاکاندا ڕوودەدات. هەروەها لەتوێژینەوەکەدا (Independent Sample Test) بەکارهاتووە.

**7. ئیتیکی توێژینەوە (Ethical Consideration)**

لەم توێژینەوەیەدا ڕەچاوی باری دەروونی و کۆمەڵایەتی بەشداربوان کراوە و ئەوە خراوەتەڕوو، کە بەشداربوان ئازادن لە وەڵام دانەوە یاخود وەڵام نەدانەوەی پرسیارەکانی ڕاپرسیەکە و دەتوانن وەڵام نەدەنەوە و بێ هیچ فشارێك دەتوانن ناو و نازناویان نەنووسن و هەموو وەڵامەکانیان پارێزراوە. سەرجەم داتاکانی بەشداربوان لە لای توێژەران پارێزراوە و تەنها ئەوان دەتوانن بچنە ناو زانیارییە کەسییەکان و بەکاری بهێنن، چونکە ئیتیکی توێژینەوەی زانستی وا دەخوازێت.

**باسی دووەم:**

**:(1Results. ئەنجامەکانی توێژینەوەکە**

**خشتەی (5) ئاماری وەسفی – descriptive statistics بۆ نیشانەکانی دڵەڕاوکێی ئایندە و ڕەگەز.**

| نیشانەکان | ڕەگەز | فرێکوێنسی | ناوەندی ژمێریاری | لادانی ستانداردی | % |
|---|---|---|---|---|---|
| **دڵەڕاوکێی ئایندە** | **نێر** | **19** | **3.7433** | **0.68306** | **26.0** |
| | **مێ** | **54** | **3.9522** | **0.66451** | **74.0** |
| **Total** | | **73** | **3.7976** | **0.67997** | **100%** |

خشتەی (5) فرێکوێنسی و ڕێژەی سەدی و ناوەندی ژمێریاری ڕەگەزی بەشداربوانی توێژینەوەکە پیشان دەدات کە ناوەندی ژمێریاری ڕەگەزی مێ بەرێژەی دەکاتە (**3.9522**) و لادانی ستانداردی دەکاتە (**0.66451**)، کە ئەم ڕێژەیە زیاترە لەنێوان ژناندا وەك لە پیاوان.

**خشتەی (6)، Independent Samples Test- تاقیکردنەوەی نموونەی سەربەخۆ، بۆ نیشانەکانی دڵەڕاوکێی ئایندە و ڕەگەز.**

**Independent Samples Test**

| Variable | ڕەگەز | فرێکوێنسی N | ناوەندی ژمێریاری M | لادانی ستانداردیSD | t | Df | Sig.(2-tailed) |
|---|---|---|---|---|---|---|---|
| **دڵەڕاوکێی ئایندە** | **نێر** | **19** | **3.7433** | **0.68306** | **-1.154** | **71** | **0.252** |
| | **مێ** | **54** | **3.9522** | **0.66451** | | | |

خشتەی (6) ئەوە پیشان دەدات کە جیاوازییەکی بەرچاو لە نێوان دڵەڕاوکێی ئایندە لە ڕووی ڕەگەزەوە نیە وەک لە خشتەکەدا هاتووە. ناوەندی پێشنیارکراو و لادانی ستاندارد بۆ بەشداربوانی (نێر و مێ) دەکاتە (3.7±0.664 و 3.9±0.683) بە پێ ڕیزبەندی. بەڵام ئەنجامەکان ئەوە پیشان دەدەن، کە هیچ پەیوەندییەکی بەرچاو لەنێوان دڵەڕاوکێی ئایندەدا نییە لەڕووی ڕەگەزەیەوە وەک (P> 0.05، t = -1.154 ).

**خشتەی (7)، ئاماری وەسفی – descriptive statistics بۆ نیشانەکانی دڵەڕاوکێی ئایندە بەپێی تەمەن لای بەشداربوان**

| Variable | تەمەنAge | فرێکوێنسیN | ناوەندی ژمێریاریM | لادانی ستانداردیSD | % |
|---|---|---|---|---|---|
| **دڵەڕاوکێی ئایندە** | 18-20 | 2 | **3.5682** | **0.48212** | **2.8** |
| | 20-25 | 8 | **3.8864** | **0.90323** | **12.3** |
| | 25-30 | 9 | **3.5101** | **0.70849** | **13.7** |
| | 30-35 | 11 | **3.6952** | **0.40923** | **16.5** |

| | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|
| | 35-40 | 17 | **4.2893** | **0.67569** | **21.9** |
| | 40-50 | 18 | **3.7045** | **0.63066** | **21.9** |
| | 50-60 | 8 | **3.8409** | **0.72402** | **11.7** |
| **Total** | 18-60 | 73 | **3.7976** | **0.67997** | **100%** |

خشتەی (7) فریکوێنسی و ڕێژەی سەدی و ناوەندی ژمێریاری تەمەنی بەشداربوانی توێژینەوەکە پیشان دەدات کە ناوەندی پێشنیارکراو ئەو کەسانەی تەمەنیان لە نێوان (40-35) ساڵدایە دەکاتە (4.2893) کە بەرزترین ئاستە لە چاو تەمەنەکانی تری بەشداربووی توێژینەوەکە.

**خشتەی (8)، ئەنۆڤا بۆ تەمەن و نیشانەکانی دڵەڕاوکێی ئایندە لای بەشداربوان.**

| نیشانەکان | Sum of Squares | df | Mean Square | F | P |
|---|---|---|---|---|---|
| **دڵەڕاوکێی ئایندە** | 3.920 | 6 | **.653** | **1.468** | **.203** |
| **Between Groups** | 29.369 | 67 | **.445** | | |
| **Within Groups** | | | | | |
| **Total** | 33.289 | 73 | | | |

خشتەی (8)، ئەنجامی (ئەنۆڤا) ئەوە دەخاتەڕوو کە هیچ جیاوازیەکی بەرچاو لە نێوان دڵەڕاوکێی ئایندە لەڕووی تەمەنەوە نییە وەک لە خشتەکەدا دا ئاماژەی پێکراوە، **(P>0.05)** و **(F 0,445 =0.203)**.

**خشتەی (9)، Independent Samples Test - تاقیکردنەوەی نموونەی سەربەخۆ، بۆ نیشانەکانی دڵەڕاوکێی ئایندە و باری خێزانی.**

**Independent Samples Test**

| نیشانەکان | باری خێزانی | فریکوێنسی | ناوەندی ژمێریاری | لادانی ستانداردی | t | df | Sig.(2-tailed) |
|---|---|---|---|---|---|---|---|
| **دڵەڕاوکێی ئایندە** | سەڵت | 22 | **3.7094** | **.64680** | **1.710** | **71** | **.092** |
| | خێزاندار | 51 | **4.0021** | **.72558** | | | |

خشتەی (9) ئەوە دەخاتەڕوو کە جیاوازییەکی بەرچاو لە نێوان باری خێزانی باشداربوان و ئاستی دڵەڕاوکێی ئایندە نییە وەک لە خشتەی 7 دا دیارە. ناوەندی پێشنیارکراو و لادانێکی ستاندارد بۆ بەشداربوانی سەڵت و خێزاندار دەکاتە (0.64±4.0) و(3.7±0.7).

بەڵام ئەنجامەکان ئەوە پیشان دەدەن کە هیچ پەیوەندییەکی بەرچاو لە نێوان باری خێزانی و دڵەڕاوکێی ئایندەدا نییە، چونکە(P> 0.05).

**خشتەی (10) ئاماری وەسفی – descriptive statistics بۆ نیشانەکانی دڵەڕاوکێی ئایندە و پەیوەندی بە پیشەوە.**

| نیشانەکان | پیشە | N فریکوێنسی | ناوەندی ژمێریاریM | لادانی ستانداردی | % |
|---|---|---|---|---|---|
| **دڵەڕاوکێی ئایندە** | **Housework کاری ماڵەوە** | **20** | **3.9205** | **.70277** | **27.4%** |
| | **Employeeفەرمانبەر** | **53** | **3.7513** | **.67211** | **72.6%** |
| **Total** | | **73** | **3.7976** | **.67997** | **100.0%** |

خشتەی (10) فریکوێنسی و ڕێژەی سەدی و ناوەندی پێشنیازکراوی پیشەی بەشداربوانی توێژینەوەکە دەخاتەڕوو کە ناوەندی پێشنیارکراوی ئەو بەشداربوانەی کاری ماڵەوە ئەنجام دەدەن زیاترە لەو بەشداربوانەی کە فەرمانبەرن کە بەرزترین ئاستە بە نزیکەی(3.9205)

**خشتەی (11)، ئەنۆڤا بۆ پیشە و نیشانەکانی دڵەڕاوکێی ئایندە لای بەشداربوان.**

| نیشانەکان | Sum of Squares | df | Mean Square | F | P |
|---|---|---|---|---|---|
| **دڵەڕاوکێی ئایندە Between Groups** | .416 | 2 | .416 | .897 | .347 |
| | 32.874 | 71 | .463 | | |
| **Within Groups** | | | | | |
| **Total** | 33.289 | 73 | | | |

بە سەرنجدانی خشتەی (11) دەگەینە ئەو ڕاستیەی کە پەیوەندیەکی گرنگ لەنێوان دڵەڕاوکێی ئایندە و پشەی بەشداربواندا نییە، لەبەرئەوەی بەهای (P>0.05)و F (2,71) =0.347

**خشتەی (12)، ئاماری وەسفی – descriptive statistics بۆ نیشانەکانی دڵەڕاوکێی ئایندە بەپێی شوێنی نیشتەجێبوون لای بەشداربوان.**

| Variable | Quarter | N فریکوێنسی | ناوەندی ژمێریاریM | لادانی ستانداردیSD | % |
|---|---|---|---|---|---|
| **دڵەڕاوکێی ئایندە** | **Asuda** | **31** | **4.1818** | **.38569** | **42.5** |

| | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|
| | Raparin | 6 | 3.3182 | .39756 | 6.8 |
| | Azadi | 8 | 3.5727 | 1.00854 | 6.8 |
| | Sharawani | 4 | 3.4034 | .62013 | 11.0 |
| | Ashti | 6 | 3.8328 | .66332 | 2.7 |
| | Bekas | 8 | 3.9167 | .57021 | 8.2 |
| | Sarshaqam | 10 | 3.9716 | .78615 | 11.0 |
| Total | | 73 | 3.7976 | .67997 | 100% |

خشتەی (12) فرێکوێنسی و ڕێژەی سەدی و ناوەندی ژمێریاری شوێنی نیشتەجێبوونی بەشداربوانی توێژینەوەکە پیشان دەدات کە ناوەندی ژمێریاری گەڕەکی ئاسوودە بەرزترین ڕێژەیە کە دەکاتە (4.1818)وگەڕەکی ڕاپەڕین نزمترینە بە ڕێژەی (3.3182).

**خشتەی (13) ئاماری وەسفی – descriptive statistics بۆ نیشانەکانی دڵەڕاوکێی ئایندە و کاتی هاتنەوەی ئاوی بۆری.**

| Variable | Time<br>کاتی بەردانەوەی ئاو | فرێکوێنسیN | ناوەندی ژمێریاریM | لادانی ستاندردی<br>SD | % |
|---|---|---|---|---|---|
| دڵەڕاوکێی ئایندە | ڕۆژ | 46 | 3.7896 | .84739 | 63.0 |
| | شەو | 27 | 3.8024 | .56992 | 37.0 |
| Total | | 73 | 3.7976 | .67997 | 100% |

خشتەی (13) فرێکوێنسی و ڕێژەی سەدی و ناوەندی ژمێریاری کاتی بەردانەوەی ئاوی بۆری پشان دەدات کە ناوەندی ژمێریاری کاتی شەو زیاترە لە ڕۆژ.

## 2. دەرئەنجام و ڕاسپاردە و پێشنیارەکانی توێژینەوەکە

### أ. دەرئەنجام

**لەڕووی نیشانەکانی دڵەڕاوکێی ئایندەوە:** شیکردنەوەی داتاکانی توێژینەوەکە لە خشتەی (13) ئەوە دەخەنەڕوو کە بەشداربوانی ئەم توێژینەوەیە تا ئاستێکی زۆر نیشانەکانی (**دڵەڕاوکێی ئایندە**)یان هەیە، کە بە پلەی(4.50) تۆمارکراوە. هەرچەندە ئاستی ناوەندی پێشنیازکراو بۆ زۆربەی بڕگەکانی تری ڕاپرسیەکە تارادەیەك بەرزە، بەڵام بە شێوەیەکی گشتی نیشانەکانی دڵەڕاوکێی ئایندە ئاستێکی تارادەیەك بەرزی هەیە کە بەرزترین ناوەندی ژمێریاری(4.50)، نزمترین ئاست دەکاتە (2.84)

**لەڕووی دیمۆگرافیای بەشداربوانەوە:** ئەنجامەکانی ئەم توێژینەوەیە ئەوە دەخەنەڕوو کە نیشانەکانی **دڵەڕاوکێی ئایندە** لای بەشداربوان پەیوەندی بە جیاوازی (ڕەگەز، تەمەن، باری خێزانی، شوێنی نیشتەجێبوون و پیشەوە)هەیە. بۆ نموونە ژنانی تەمەن (40-35)ساڵ، بەرزترین نیشانەکانی (**دڵەڕاوکێی ئایندە**) یان تێدا دەرکەوتوە کە ناوەندی پێشنیارکراو دەکاتە (4.28)، بەڵام تا ئێستا تووژەرانی پێشوو باسی تەمەنی ژنانیان نەکردووە. پەیوەست بە ڕەگەزی بەشداربوان. ئەنجامی ئەم توێژینەوەیە ئەوە دەخاتەڕوو کە ژنان زیاتر هەست بە دڵەڕاوکێی ئایندە دەکەن کە ناوەندی پێشیازکراو بریتیە لە (3.95). هۆکارەش ڕەنگە زیاتر پەیوەندی بەوەوە هەبێت کە ژنان زیاتر لە ماڵەوە دەمێننەوە و کاروباری ماڵ زیاتر ئەنجام دەدەن وەك لە پیاوان.

هەروەها ئەنجامەکانی ئەنۆڤا لە خشتەی (**8**)دا بەراوردی نێوان نیشانەکانی دڵەڕاوکێی ئایندە دەکات لەگەڵ گۆڕاوی تەمەن**.** جیاوازی ئاماری گرنگ لەنێوان فشاری دەرونی و تەمەندا نیە، چونکە (**P>0.05**).

هەروەها خشتەی (9) ئەوە پیشان دەدات کە نمرەی ناوەندی پێشنیارکراو بۆ بەشداربوانی خێزاندار بریتیە لە (**4.00**). ئەم نمرەیە زیاترە لە نمرەی بەشداربوانی سەڵت کە ژیانی هاوسەرگیریان دروست نەکردووە**.** ئەم ئەنجامە ئەوە دەگەیەنێت کە باری خێزانی دەبێتەهۆی گۆڕانکاری لە ئەنجامی نیشانەکانی دڵەڕاوکێی ئایندە، لای ئەو بەشداربوانەی خێزاندارن و بەرپرسیاریەتی منداڵ بەخێوکردنیان هەیە ئەکرێت زیاتر بە هۆی کێشەی کەم ئاویەوە هەست بە دڵەڕاوکێی ئایندە بکەن.

سەبارەت بە ئاستی دڵەڕاوکێی بەشداربوانی فەرمانبەر و بێکار، دەرکەوتووە ئەوکەسانەی زیاتر لە ماڵەوەن و فەرمانبەر نین زیاتر نیشانەکانی دڵەڕاوکێیان هەیە وەك لە کەسانی تر کە خشتەی (10) نمرەی ناوەندی پێشنیارکراو بریتیە لە (3.92) ,هەروەها خشتەی (11) ئەوە دەخاتەڕوو کە جیاوازی گرنگی ئاماری لەنێوان پیشەی بەشداربوان و ئاستی دڵەڕاوکێی ئایندەی بەشداربواندا نییە، لەبەرئەوە بەهای (p) گەورەترە لە 0.05 (P>0.05). دەربارەی پەیوەندی نێوان دڵەڕاوکێی ئایندە و شوێنی نیشتەجێبوونی بەشداربوان، ئەنجامەکان ئەوە دەخەنەڕوو کە دانیشتوانی گەڕەکی ئاسوودە کە زۆربەی کەس و کاری ئەنفالن زیاتر نیشانەکانی دڵەڕاوکێیان تێدایە کە ئاستی ناوەندی پێشنیارکراو دەکاتە (4.18) ئەم ئاستە بە بەراورد بە بەشداربوانی نیشتەجێی گەڕەکەکانی تر. ئەو بەشداربوانەی کاتی هاتنەوەی ئاوی بۆریان دەکەوێتە شەوەوە زیاتر هەست بە دڵەڕاوکێ دەکەن وەك لەوانەی ئاوی بۆریان دەکەوێتە ڕۆژەوە، هەرچەندە جیاوازییەکی زۆر کەم لە نێوان ناوەندی پێشنیارکراوی شەو و ڕۆژدا هەیە، بەڵام نمرەی کاتی شەو زیاترە وەك لە ڕۆژ کە دەکاتە (**3.8024**).

ئەنجامی ئەم توێژینەوەیە ئەوەی خستوەتەڕوو لە شاری چەمچەماڵ، بەهۆی کێشەی کەم ئاوییەوە ژنان زیاتر تووشی دڵەڕاوکێ و گرفتی تەندروستی دەبن، چونکە بەرپرسیارێتی خێزان و ماڵەوە لە ئەستۆ دەگرن.

**خشتەی( 14) ژمارەو پلەو بڕگەکان کە لە شێوەی ناوەندی ژمێریاری و کێشی سەدی خراوەتە ڕوو، لەخوارەوە بەشێك لە بڕگەکان شیکراونەتەوە.**

| ژمارەی برگە | پلەی برگە | برگەکان | ناوەندی پێشنیارکراو | کێشی %سەدی |
|---|---|---|---|---|
| 2 | 1 | نیگەرانم لە دواکەوتنی هاتنەوەی ئاوی بۆری | 4.5068 | 91.73 |
| 1 | 2 | هەست دەکەم بێبەشم لە پێداویستیە سەرەتاییەکانی ژیان( ئاو) | 4.2740 | 85.48 |
| 3 | 3 | هەرکاتێك ئاو نەمێنێت تورە دەبم | 4.1644 | 83.28 |
| 4 | 13 | گۆڕانکارییە کەش و هەواییەکان وەك بێ بارانی و وشکەساڵی نیگەرانم دەکات | 4.1507 | 83.01 |
| 5 | 17 | نیگەرانم لە دواکەوتنی کاتژمێرەکانی ئاو | 4.1096 | 82.19 |
| 6 | 6 | دەترسم تووشی نەخۆشی ببم بە هۆی بەکارهێنانی ئاوی پیسەوە | 4.0685 | 81.37 |
| 7 | 12+15 | ترسم لە بڵاوبوونەوەی نەخۆشی هەیە بە هۆی نەمانی ئاوەوە<br>دەترسم ئاو بەشی ئیش و کارەکانی ڕۆژانەم نەکات | 4.0137 | 80.27 |
| 8 | 14 | نیگەرانم لە زیادبوونی پێداویستی ئاو | 4.0000 | 80 |
| 9 | 7 | بیرکردنەوە لە نەمانی ئاو من دەترسێنێت | 3.9589 | 79.17 |
| 10 | 8+22 | داهاتی داراییم بەشی کڕینی ئاو ناکات<br>هەست دەکەم بە هۆی نەمانی ئاوی سەرزەوی ژیانم لە مەترسیدایە | 3.6164 | 72.32 |
| 11 | 10 | دەترسم ڕۆژێك ئاو نەمێنێت لە شارەکەم و ژیانم بکەوێتە مەترسیەوە | 3.5342 | 70.68 |
| 12 | 9 | بیرکردنەوە لە وشکەساڵی من سەرقاڵ دەکات | 3.4110 | 68.22 |
| 13 | 21 | دەترسم لە داهاتوودا کێشەی کەم ئاوی تووشی گرفتی دەروونیم بکات | 2.8493 | 56.96 |

## ب. شیکردنەوەی دەرخستنی ئەنجامەکان

لەئەنجامی شیکاری داتاکاندا، توێژەران شیکاری ئەنجامەکانیان بەمشێوەیەی لای خوارەوە کردوە، برگەی (2) پلەی یەکەمی بەدەستهێناوە(نیگەرانم لە دواکەوتنی هاتنەوەی ئاوی بۆری، بەپێی ناوەندی پێشنیازکراو(4.50) و کێشی سەدی (91.7%)ە، بەڵام برگەی (1) پلەی دووەمی وەرگرتووە، (هەست دەکەم بێبەشم لە پێداویستیە سەرەتاییەکانی ژیان( ئاو) بەپێی ناوەندی پێشنیازکراو (4.2740) و کێشی سەدی (85.4%)، برگەی (3) پلەی سێیەمی وەرگرتووە (هەرکاتێك ئاو نەمێنێت تورە دەبم) بۆ نموونە: بەپێی ناوەندی پێشنیازکراو (4.1644) و کێشی سەدی (83.2%). هەروەها برگەی (13) پلەی چوارەمی وەرگرتووە گۆڕانکارییە کەش و هەواییەکان وەك بێ بارانی و وشکەساڵی نیگەرانم دەکات. بەهۆی ئەوەی دواکەوتنی کاتژمێرەکانی ئاوی خواردنەوە، هاوڵاتی تووشی نیگەرانی دەکات، کاریگەری لەسەر باری دەروونیان هەیە بۆ نموونە لە برگەی (17)دا کە پلەی پێنجەمی وەرگرتووە یەکسانە بە (4.10) و (82.1%). لە کاتێکدا بەشێك لە هاوڵاتیان ترسی ئەوەیان هەیە ئاوی پیس ببێتە هۆی نەخۆشی، ئەمەش لە برگەی (6) دەبینرێت کە پلەی (6) ی وەرگرتووە بەپێی ناوەندی پێشنیازکراو (4.01 ) و کێشی سەدی (80.2%)، هاوشێوەی برگەی (6)، برگەی (14) پلەی هەشتی بەدەستهێناوە کە ناوەندی پێشنیازکراوی نزیکەی (4.00) هـ و کێشی سەدی (80.0%)یە. هەروەها برگەی (7) پلەی (9) ی وەرگرتووە بۆنموونە بە هۆی بیرکردنەوە لە نەمانی ئاو لە ئایندەدا هاوڵاتیان تووشی ترس دەبن کە لە خشتەی سەرەوە ناوەندی پێشنیازکراو و کێشی سەدی (3.95) و (79.1%) بەدوای یەکدا نیشان دەدات.

هەرچەندە برگەکانی (10، 9، 8، 22) جیاوازن بە تایبەت دڵەڕاوکێی بەشداربوان بە هۆی (خراپی داهات، ترس لە نەمانی ئاوی سەرزەوی، ترس لە دروستبونی وشکەساڵی) دەرئەنجام ناوەندی پێشنیارکراویان نزیکە لە یەکەوە، ئەم ئەنجامانە ئەوە دەخەنەڕوو کە بەشداربوان نیشانەکانی دڵەڕاوکێیان تاڕادەیەك بەرزە و لە ئاستی ناوەند زیاترە کە خەملێنراوە بە (3.61، 3.53، 3.41) بەرادەیەك ڕێژەی سەدییان بە ڕیزبەندی نزیکەی (70.6%، 72.3% ، 68.2%) دەبێت.

بە پێچەوانەوە ئەنجامەکانی ئەم ڕاپرسیە کەمترین ناوەندی پێشنیارکراوی دەستنیشانکردووە کە هۆکارە بۆ دڵەڕاوکێی ئایندە کە لە برگەی (21) پلەی (13) ی وەرگرتووە (دەترسم لە داهاتوودا کێشەی کەم ئاوی تووشی گرفتی دەروونیم بکات)، کەمترین ناوەندی پێشنیازکراو(2.84) و کێشی سەدی (56%). هەرچەندە ئەم برگەیە کەمترین ئاستی بە دەست هێناوە بەڵام ترس لە کەم ئاوی لە داهاتوودا لای هەندێك لە بەشداربووان هەستی پێکراوە و ئەکرێت ببێتە هۆی گرفتی دەروونی.

## ت. کەم و کورتیەکانی توێژینەوەکە:

لە دیارترین کەم و کورتیەکانی توێژینەوەکە ئەوەیە، تەنها لەناو سەنتەری قەزا(شار)ی چەمچەماڵ ئەنجام دراوە. هەروەها ژمارەیەکی کەم بەشداربوو وەك نموونە(سەمپڵ) وەرگیراون لە توێژینەوەکە، ئەم ڕێژەیە لەچاو کۆمەڵگەی توێژینەوەکە کەمە. هەروەها بەشی دیمۆگرافی توێژینەوەکە لایەنەکانی تری وەك ئابووری بەشداربووانی نەخستوەتەڕوو. بۆ توێژینەوەیەکی وەها گرنگە تەنها پشت بەستن بە ڕاپرسی چەندێتی - Quantitative method لە ماوەیەکی دیاریکراودا نەبەسترێت، بۆ بڕیاردان لەسەر دڵەڕاوکێی ئایندە. کە توێژەران شیکردنەوەیان لەسەر نیشانەکانی دڵەڕاوکێی ئایندە کردوە و باسی کاریگەری کەم ئاوی و خراپی کوالێتی ئاویان نەکردووە لە سەر بڵاوبوونەوەی گرفتی تەندروستی، کۆمەڵایەتی، ئابووری، کۆچکردنی دانیشتوان و پیسبوونی ژینگە.

## پ. پێشنیارەکان

دیارترین پێشنیارەکانی توێژینەوەکە بۆداهاتوو بۆ توێژەرانی تر ئەوەیە:

1. توێژینەوەکانی داهاتوو جەخت بکەنەوە لەسەر لە کۆمەڵگە و ناوچەکانی تری عێراق و هەرێمی کوردستان، کاربکرێت لەسەر لایەنەکانی تری دیمۆگرافیای بەشداربوان، تا ئەنجامی وردتر دەست بکەوێت.
2. پێویستە توێژینەوەکانی داهاتوو شیکردنەوەی زیاتر بکەن دەربارەی نیشانەکانی تری گرفتە دەروونییەکان بە ڕاپرسی ورد و چاوپێکەوتنی زیاتر لەگەڵ دانیشتوانی شاری چەمچەماڵ.
3. گرنگە توێژینەوەکانی تر کار لەسەر لایەنەکانی تری گرفت و شڵەژانە دەرونیەکانی کەس و کاری بەجێماوانی ئەنفال بکەن لە شاری چەمچەماڵ، چونکە زۆربەری بەشداربوانی توێژینەوەکە، کەس و کاری ئەنفالکراوەکانن و نیشتەجێی گەڕەکە ئەنفالنشینەکانن(ئاسودە) کە ئەزموونی ناخۆشی ڕابردووی وەك ڕاگواستن، هەژاری، مردن و لەدەستدانی ئازیزان و گرفتی تری وەك: دەروونی و کۆمەڵایەتی و ئابووری، ڕەنگە هۆکار بن بۆزیادبوونی دڵەڕاوکێی ئایندە، ئەمەش بە ئامانجی دەرخستنی لایەنەکانی تری ژیانی دانیشتوانی شاری چەمچەماڵ تا توێژەران داتا و زانیاری وردتر وەدەست بخەن لەسەر دانیشتوانی شارەکە.
4. پێوستە توێژینەوەکانی تر کار لە سەر کاریگەری کێشەی کەم ئاوی بکەن لە سەر کێشەی تەندروستی، کۆمەڵایەتی، ئابووری و پیسبوونی ژینگە لە شاری چەمچەماڵ.

## ج. ڕاسپاردەکان:

ڕاسپاردەکانی توێژنەوەکە بۆ حکومەت و لایەنە پەیوەندیدارەکان:

1. ئەرکی حکومەت و لایەنە پەیوەندیدارەکان و وەزارەتی شارەوانی، شەهیدان و ئەنفالکراوان، تەندروستی خزمەتگوزاریە دەرونی و کۆمەڵایەتی و ژێرخانییەکان پێشکەش بە شاری چەمچەماڵ بە تایبەت خزمەت بە کەس و کاری ئەنفالکراوان بکەن و ئاسایشی مرۆیی و دەروونیان بۆ فەراهەم بکەن. چونکە لە توێژینەوەکەدا ئەوە دەردەکەوێت ئاستی نیشانەکانی دڵەڕاوکێی ئایندە لەناو بەجێماوانی ئەنفالدا ڕوو لە زیادبوونە.
2. پێویستە حکومەت و دام و دەزگا حکومیەکانی بە تایبەت قائیموقامیەت و بەڕێوەبەرایەتی شاراوانی چەمچەماڵ لە خەمی چارەسەرکردنی کێشەی ئاوی چەمچەماڵدا بن، کە کێشەیەکی چارەسەرنەکراوە و بوەتە سەرچاوەی زۆر گرفتی وەك بڵاوبوونەوەی نەخۆشی و کۆچکردنی دانیشتوانی شارەکە بۆ شارەکانی تر و بڵاوبوونەوەی بێکاری و چەندین گرفت و نەخۆشی جەستەیی و دەرونی و کۆمەڵایەتی. وەك چۆن بە پێی تیۆری (Valdellon, 2022) کە یەکێك لە هەنگاوەکانی چارەسەری کێشە، باشترین و ئاسانترین بژاردەیە و چارەسەری گونجاو و هەڵبژێردراو جێبەجێ بکرێت، بۆیە توێژەران پێیان وایە، ڕاکێشانی ئاوی گۆپتەپە - چەمچەماڵ یەکێکە لە باشترین و گونجاوترین بژاردەکان بۆ چارەسەری کێشەی کەم ئاوی لە شاری چەمچەماڵ.
3. پێویستە حکومەت و وەزارەتە پەیوەندیدارەکان سزای سەرپێچیکارانی هێڵی گواستنەوەی ئاوی خواردنەوەی چەمچەماڵ – دوکان بدەن کە هۆکاری بۆ کێشەی کەم ئاوی، بەهۆی دروستکردنی باخ و ڤێلا و حەوزی ماسی لەسەر موڵکی گشتی.
4. ئەرکی حکومەتە پێداویستیە سەرەتاییەکانی وەك ئاو لە وەرزی هاویندا بۆ دانیشتوانی شاری چەمچەماڵ دابین بکات، بە تایبەت (ئاو)، چونکە ئاو پێداویستیەکی سەرەتاییە و پێویستە هەموو تاکێك ئاوی پاکی خواردنەوەی بۆ دابینبکرێت تا تەندروست بژێت. تەنانەت، بە پێی هەرەمی ماسلۆ (ئاو) بە یەکەم پێداویستی بایۆلۆجی و سەرەتایی مرۆڤ ئەژمێردرێت، دواتر پێداویستیەکانی تری وەك (ئاسایش، ڕێزگرتنی خود، پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان) دروست دەبن. لەبەرئەوە کاتێك تاك ئەم پێداویستیەی بۆ پڕنەکرێتەوە کەلێنێك لە کەسایەتی دروست دەبێت و خوودی بەدی نایات و لە ڕووی دەرونیەوە بەختەوەر نابێت.

## لیستی سەرچاوەکان:


١- ئەحمەد. بەهادین (2012). شاکیر فەتاح چرای ڕۆژنامەگەری چەمچەماڵ . سلێمانی: چاپخانەی کارۆ، چاپی یەکەم.

ئەمین، هاوڕێ یاسین محەمەد (2011). دیاردەی بە بیابانبوون لە ناوچە نیمچە شاخاویەکان قەزای چەمچەماڵ بە نموونە (المجلد چاپی یەکەم). سلێمانی: سەنتەری لێکۆڵینەوەی ستراتیجی کوردستان .

٢- ڕەشید، صدیق محد، (2023). دابینکردن و تایبەتمەندی ئاوی خواردنەوە لە شاری چەمچەماڵ، نامەی ماستەر(بڵاونەکراوە)، کۆلێژی زانستە مرۆڤایەتیەکان، زانکۆی سلێمانی.

٣- صالح، صمد عبداللە، (2015.)شیکردنەوەی جوگرافی بۆ ئاوی ژێرزەوی لە قەزای چەمچەماڵ، نامەی ماستەر(بڵاونەکراوە)، فاکەڵتی پەروەردە، زانکۆی کۆیە.

٤- صالح، چراخان نصرالدین (2015). دانیشتوانی قەزای چەمچەماڵ، لێکۆڵینەوەیەك لە جوگرافیای دانیشتوان، نامەی ماستەر (بڵاونەکراوە). کۆلێژی زانستەمرۆڤایەتیەکان، زانکۆی سلێمانی.

٥- صدرالدین، کاظم احمد (2023). پەرەپێدانی توانستە جوگرافییەکانی گەشتوگوزار لە قەزای چەمچەماڵ، نامەی ماستەر(بڵاونەکراوە)، کۆلێژی زانستە مرۆڤایەتییەکان زانکۆی سلێمانی.

٦- عزالدین، ئارام رضا (2017). کاریگەری ئاووهەوا لەسەر حەوانەوەی مرۆڤ (بەراوردێك لەنێوان قەزای چەمچەماڵ و قەزای پێنجوێن)، نامەی ماستەر (بڵاونەکراوە). فاکەڵتی زانستە مرۆڤایەتیەکانی زانکۆی ڕاپەڕین.

٧- علی، جمیل جلال محد، سەرهەد طارق محد، پێداویستیەکانی ئاو بۆ بەرجەستەکردنی ئاسایشی خۆراك لە قەزای چەمچەماڵ، گۆڤاری زانکۆی سلێمانی، بەشی (B) زانستە مرۆڤایەتییەکان، ساڵی بیست و دووەم، ژمارەی تایبەت بە کۆنفانسی زانستی و نێودەوڵەتی کۆلێژی زانستە مرۆڤایەتییەکانی زانکۆی سلێمانی ڕێکەوتی: 23-2019/4/24.

٨- جەباری، کازم، ڕامانێك لە جوگرافیای تەندروستی و دابەشبوونی جوگرافی نەخۆشخانە حکومیەکانی سەنتەری قەزای چەمچەماڵ بە نموونە، گۆڤاری گوڵچن، ژمارە (5)ی پایزی 2023 .
٩- حکومەتی هەرێمی کوردستان، وەزارەتی شاروانی و گەشتوگوزار، بەڕێوەبەرایەتی گشتی ئاو و ئاوەڕۆ. (داتای بڵاونەکراوە بۆ ساڵی 2023). بەڕێوەبەرایەتی ئاوی دەوروبەری سلێمانی، فەرمانگەی ئاوی چەمچەماڵ.
١٠- حکومەتی هەرێمی کوردستان، وەزارەتی کشتوکاڵ و ئاودێری. ( زانیاری بڵاونەکراوە بۆ ساڵی 2023 ). بەڕێوەبەرایەتی ئاودێری سلێمانی، هۆبەی ئاودێری چەمچەماڵ، .
١١- غالب، ڕێباز نصرەت.(20/ 2023/7). چاوپێکەوتن. چەمچەماڵ.
١٢- محەمەد،حەوێز شکور (2023/7/16). ئەندازیاری پێشکەوتوو لە فەرمانگەی ئاوی چەمچەماڵ. چەمچەماڵ.
١٣- امین، بختیار محمد (2012). تأثیر المناخ في انتاجیة الحنطة والشعیر في قضاء جم جمال، رساله مجستیر (غیر منشورة)، كلیة التربیة، جامعه الموصل.
14- Aasdi, nahar. (2011). Patterns of parenting upbringing and its relationship to self-disclosure and the motivation to learn among Arab students in the secondary stage in the Upper Galilee region in light of some variables. Unpublished master's thesis, Yarmouk University, Irbid, Jordan.
15- Abu Al-Ela, Muhammad. (2010). Future anxiety and its relationship to the ego identity of a sample of university students. The first international conference, Higher Institute of Social Service, Cairo.
16- Ari, R. (2011). Analysis of ego identity process of adolescents in terms of attachment styles and gender. Procedia Social and Behavioral Sciences, 2 (10): 744-750.
17- Barlow, D. (2017). Unraveling the Mysteries of Anxiety and Its Disorders from the Perspective of Emotion Theory. American Psychologist, 55, 1247-1263.
18- directly and indirectly through multiple pathways: Evidence from Haiti. Social science & medicine, 238, 112520. https://doi.org/10.1016/j.socscimed.2019.112520 .
19- Csikszentmihalyi, M. Handbook of research methods for studying daily life. Guilford Press. (2011).

20- Collins English Dictionary(2024). Definition of cause a problem. URL: https://www.collinsdictionary.com/dictionary/english/cause-a-problem#google_vignette.
21- English, O. (1976). Oxford English Dictionary. Encyclopedia of Swearing, 334.
22- Macleod, A.; Tata, P.; Kentish, J.; Carroll; F. & Hunter, E. (2015). Anxiety, Depression, and Explanation- Based Pessimism for Future Positive and Negative Events. Clinical Psychology and psychotherapy, 4 (1), 15-24.
23- Moline, R. (2017). Future Anxiety: Clinical Issues of Children in the Latter Phases of Foster Care, Child and Adolescent Social Work Journal, 7 (6) P 501-512.
24- Rappaport, H. (2018). Future Time, Death Anxiety and Life Purpose among Older Adults. Death Studies, 17 (4), 369-379.
25- Reis, H. T., & Judd, C. M. (Eds.). Handbook of research methods in social and personality psychology. Cambridge University Press, (2000).
26- Valdellon, L. (2022). Problem-Solving Techniques and Tips (That Actually Work) URL: https://www.wrike.com/blog/problem-solving-techniques/.
27- Zaleski, Z. (2018). Future Anxiety: Concept, Measurement and Preliminary Research, Journal of Personality and Individual Differences, 21 (2), 163- 174.

## پاشکۆکان

**پاشکۆی (1) جێگیری فۆرمەکە بە شێوەی دابەشکردنی نیوەیی - (Split-Half) دەخاتەڕوو**

| هاوکێشەی پەیوەست پێش ڕاستکردنەوە<br>معامل الارتباط قبل التصحیح<br>Correlation Between Forms | ڕاستکردنەوەی هاوکۆلکە بە هاوکێشەی سپێرمان –براون<br>Spearman – Brown Coefficient<br>Equal Length | ژمارە<br>N |
|---|---|---|
| 0.809 | 0.894 | 14 |

**پاشکۆی ( 2 ) لیستی ناوی شارەزایان بۆ ڕاستی و دروستی فۆرمی ڕاپرسیەکە.**

| ژ | ناوی شارەزایان | شوێنی کار |
|---|---|---|
| 1 | پ. ی. د. عبدالصمد احمد | زانکۆی سلێمانی- کۆلێژی پەروەردەی بنەڕەتی |
| 2 | پ. ی. د. نەزیرە محمد | زانکۆی سلێمانی- کۆلێژی پەروەردەی بنەڕەتی |
| 3 | پ. ی. د. وەلید بابان | زانکۆی صلاح الدین-کۆلێژی پەروەردە |
| 4 | د. زانا عثمان | زانکۆی چەرموو- کۆلێژی پەروەردە |
| 5 | د. پاکستان امین | زانکۆی سۆران |

کۆی گشتی پرسیارەکانی فۆرمی ڕاپرسی = 25
کۆی گشتی پرسیارەکان = کۆی پسپۆڕیەکان = 25 x 5 = 125
ئاستی متمانە = 105/ 125 x 100 =0.872

ئەم ژمارەیەی سەرەوە بەڵگەیە بۆ ڕاستی و درووستی فۆرمی توێژینەوەکە کە گونجاوە بۆ پێوانی نیشانەکانی دڵەڕاوکێی ئایندە لە لای بەشداربووان.

**پاشکۆی(3)**

**خستنەڕووی لینکی گوگڵ فۆرم و وێنەی ڕاپرسیەکە.**

https://docs.google.com/forms/d/1jUGgNtgJ3CcMq-x54mf8Ow5OFERw8pppWjfzz9-mo-A/edit



# کێشەی کەم ئاوی و پەیوەندی بە دڵەڕاوکێی ئایندە لای دانیشتوانی شاری چەمچەماڵ

هاولاتی بەرێز ...

سلاو و ریز...

توێژەران دەیانەوێت توێژینەوەیەك ئەنجام بدەن لەژێر ناونیشانی (کێشەی کەم ئاوی و پەیوەندی بە دڵەڕاوکێی ئایندە لای دانیشتوانی شاری چەمچەماڵ)، داواکارین لە بەرێزتان ئەم فۆرمە پر بکەنەوە. سوپاس بۆ هاوکاریتان

ئەم توێژینەوەیە تەنها مەبەستی زانستی لە پشتەوەیە، وە دڵنیا بن لە پاراستن و نهێنی وەڵامەکەتان، هاوکاریتان جێگەی رێز و سوپاسە...

لەگەڵ ریزدا...

توێژەران:

د.مریوان عبدالمجید

م.کازم احمد

Questions Responses 75 Settings

ئیتیکی توێژینەوە:
بەرێزت سەرپشکی لە بەشداریکردن یان بەشداری نەکردنی ئەم توێژینەوەیە

ڕازیم بەشداری بکەم

ڕازی نیم بەشداری بکەم

بەشی یەکەم: دیموکرافی بەشداربوان

ڕەگەز

نێر

مێ




**پاشکۆی(4)**

**خستنەڕووی بەرنامەی SPSS ڤێرژنی 26 کە بە شێوەی زانستی و ورد سەرجەم داتاو زانیاریەکانی تێدا تۆمار کراوە و شیکار کراوە کە (Data view و Variable view).**

Visible: 30 of 30 Variable

| | Gender | Age | Barixezani FAMILYSTATUS | Job | GarakQUARTER | TIMEOF WATER | WATERISSUE | Q1 | Q2 | Q3 | Q4 | Q5 | Q6 | Q7 | Q8 | Q9 |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| 1 | 2.00 | 3540.00 | 1.00 | 2.00 | 1.00 | 2.00 | 1.000 | 3.0 | 5.00 | 5.00 | 3.00 | 3.00 | 5.00 | 2.00 | 2.00 | 1.00 |
| 2 | 1.00 | 5060.00 | 2.00 | 2.00 | 8.00 | 2.00 | 1.000 | 5.0 | 5.00 | 5.00 | 5.00 | 5.00 | 5.00 | 5.00 | 5.00 | 5.00 |
| 3 | 1.00 | 4050.00 | 2.00 | 2.00 | 1.00 | 2.00 | 1.000 | 4.0 | 5.00 | 4.00 | 5.00 | 5.00 | 2.00 | 5.00 | 3.00 | 3.00 |
| 4 | 1.00 | 2530.00 | 2.00 | 2.00 | 1.00 | 2.00 | 2.000 | 4.0 | 4.00 | 4.00 | 4.00 | 3.00 | 3.00 | 3.00 | 4.00 | 4.00 |
| 5 | 1.00 | 3035.00 | 1.00 | 2.00 | 1.00 | 1.00 | 1.000 | 5.0 | 5.00 | 5.00 | 5.00 | 5.00 | 5.00 | 5.00 | 3.00 | 5.00 |
| 6 | 2.00 | 3540.00 | 2.00 | 2.00 | 1.00 | 2.00 | 1.000 | 5.0 | 5.00 | 5.00 | 5.00 | 4.00 | 4.00 | 4.00 | 4.00 | 5.00 |
| 7 | 2.00 | 1820.00 | 2.00 | 2.00 | 8.00 | 2.00 | 1.000 | 4.0 | 4.00 | 4.00 | 4.00 | 3.00 | 4.00 | 3.00 | 3.00 | 3.00 |
| 8 | 2.00 | 4050.00 | 1.00 | 2.00 | 1.00 | 1.00 | 1.000 | 4.0 | 4.00 | 5.00 | 3.00 | 2.00 | 5.00 | 3.00 | 4.00 | 3.00 |
| 9 | 1.00 | 3035.00 | 1.00 | 2.00 | 9.00 | 1.00 | 1.000 | 5.0 | 5.00 | 5.00 | 5.00 | 5.00 | 5.00 | 5.00 | 3.00 | 5.00 |
| 10 | 1.00 | 3540.00 | 2.00 | 2.00 | 9.00 | 2.00 | 1.000 | 5.0 | 5.00 | 5.00 | 5.00 | 4.00 | 3.00 | 4.00 | 3.00 | 4.00 |
| 11 | 1.00 | 3035.00 | 1.00 | 1.00 | 7.00 | 2.00 | 1.000 | 5.0 | 5.00 | 4.00 | 4.00 | 4.00 | 5.00 | 5.00 | 5.00 | 5.00 |
| 12 | 1.00 | 2025.00 | 1.00 | 1.00 | 2.00 | 2.00 | 2.000 | 5.0 | 5.00 | 1.00 | 5.00 | 3.00 | 3.00 | 3.00 | 2.00 | 3.00 |
| 13 | 1.00 | 5060.00 | 1.00 | 2.00 | 2.00 | 2.00 | 1.000 | 5.0 | 5.00 | 5.00 | 5.00 | 5.00 | 5.00 | 5.00 | 4.00 | 2.00 |
| 14 | 1.00 | 4050.00 | 2.00 | 2.00 | 4.00 | 2.00 | 1.000 | 5.0 | 5.00 | 4.00 | 4.00 | 3.00 | 3.00 | 3.00 | 2.00 | 4.00 |
| 15 | 1.00 | 2025.00 | 2.00 | 1.00 | 4.00 | 2.00 | 1.000 | 5.0 | 3.00 | 3.00 | 3.00 | 3.00 | 3.00 | 4.00 | 4.00 | 5.00 |
| 16 | 1.00 | 4050.00 | 2.00 | 2.00 | 4.00 | 2.00 | 1.000 | 5.0 | 4.00 | 4.00 | 4.00 | 3.00 | 3.00 | 4.00 | 4.00 | 3.00 |
| 17 | 1.00 | 2025.00 | 2.00 | 2.00 | 1.00 | 2.00 | 2.000 | 5.0 | 5.00 | 5.00 | 5.00 | 5.00 | 5.00 | 5.00 | 3.00 | 5.00 |
| 18 | 2.00 | 4050.00 | 2.00 | 1.00 | 7.00 | 2.00 | 1.000 | 4.0 | 5.00 | 5.00 | 5.00 | 4.00 | 5.00 | 5.00 | 5.00 | 5.00 |
| 19 | 1.00 | 3540.00 | 1.00 | 2.00 | 1.00 | 1.00 | 1.000 | 4.0 | 4.00 | 5.00 | 4.00 | 2.00 | 5.00 | 4.00 | 4.00 | 3.00 |
| 20 | 1.00 | 3035.00 | 2.00 | 2.00 | 7.00 | 2.00 | 1.000 | 5.0 | 5.00 | 4.00 | 3.00 | 2.00 | 4.00 | 4.00 | 2.00 | 2.00 |
| 21 | 1.00 | 4050.00 | 2.00 | 1.00 | 1.00 | 2.00 | 1.000 | 3.0 | 4.00 | 4.00 | 4.00 | 3.00 | 5.00 | 4.00 | 4.00 | 2.00 |

| | Name | Type | Width | Decimals | Label | Values | Missing | Columns | Align | Measure | Role |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| 1 | Gender | Numeric | 8 | 2 | Gender | {1.00, Male}... | None | 8 | Right | Scale | Input |
| 2 | Age | Numeric | 8 | 2 | Age | {1.00, 1820}... | None | 11 | Right | Scale | Input |
| 3 | BarixezaniF... | Numeric | 8 | 2 | BarixezaniFAM... | {1.00, Singl... | None | 10 | Right | Nominal | Input |
| 4 | Job | Numeric | 8 | 2 | Job | {1.00, Hous... | None | 8 | Right | Scale | Input |
| 5 | GarakQUAR... | Numeric | 8 | 2 | GarakQUARTER | {1.00, Asud... | None | 13 | Right | Nominal | Input |
| 6 | TIMEOFWAT... | Numeric | 8 | 2 | TIMEOFWATER | {1.00, Rozh}... | None | 8 | Right | Nominal | Input |
| 7 | WATERISSUE | Numeric | 8 | 3 | WATERISSUE | {1.000, 2bar... | None | 8 | Right | Nominal | Input |
| 8 | Q1 | Numeric | 8 | 1 | Q1 | None | None | 8 | Right | Nominal | Input |
| 9 | Q2 | Numeric | 8 | 2 | Q2 | None | None | 8 | Right | Nominal | Input |
| 10 | Q3 | Numeric | 8 | 2 | Q3 | None | None | 8 | Right | Nominal | Input |
| 11 | Q4 | Numeric | 8 | 2 | Q4 | None | None | 8 | Right | Nominal | Input |
| 12 | Q5 | Numeric | 8 | 2 | Q5 | None | None | 8 | Right | Nominal | Input |
| 13 | Q6 | Numeric | 8 | 2 | Q6 | None | None | 8 | Right | Nominal | Input |
| 14 | Q7 | Numeric | 8 | 2 | Q7 | None | None | 8 | Right | Nominal | Input |
| 15 | Q8 | Numeric | 8 | 2 | Q8 | None | None | 8 | Right | Nominal | Input |
| 16 | Q9 | Numeric | 8 | 2 | Q9 | None | None | 8 | Right | Nominal | Input |
| 17 | Q10 | Numeric | 8 | 2 | Q10 | None | None | 8 | Right | Nominal | Input |
| 18 | Q11 | Numeric | 8 | 2 | Q11 | None | None | 8 | Right | Nominal | Input |
| 19 | Q12 | Numeric | 8 | 2 | Q12 | None | None | 8 | Right | Nominal | Input |
| 20 | Q13 | Numeric | 8 | 2 | Q13 | None | None | 8 | Right | Nominal | Input |
| 21 | Q14 | Numeric | 8 | 2 | Q14 | None | None | 8 | Right | Nominal | Input |
| 22 | Q15 | Numeric | 8 | 2 | Q15 | None | None | 8 | Right | Nominal | Input |
| 23 | Q16 | Numeric | 8 | 2 | Q16 | None | None | 8 | Right | Nominal | Input |
| 24 | Q17 | Numeric | 8 | 2 | Q17 | None | None | 8 | Right | Nominal | Input |